# دۆخی گوتاری ئایینی هاوچەرخ

## بۆچونێک سەبارەت بەلێکدانەوەو چارەسەرکردن


نووسینی:

پ. د. ئیبراهیم سەلاح هودهود

سەرۆکی پێشووی زانکۆی ئەزهەر

پێشەکی

أ.د. موحەممەد عەبدولفەزیل ئەلقوسی

ئەندامی دەستەی گەورە زانایان و جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر

وەرگێرانی:

پ.د. عرفان ڕەشید شەریف

ئەندامی ئە نجومەنی باڵای فەتوا

پێداچوونەوەی:

د.عبدالله مەلا سەعید گرتکی

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



کوردستان - هەولێر

# دۆخی گوتاری ئایینی هاوچەرخ

## بۆچوونێک سەبارەت بەلێکدانەوەو چارەسەرکردن


نووسینی:

**پ. د. ئیبراهیم سەلاح هودهود**

**سەرۆکی پێشووی زانکۆی ئەزهەر**

**پێشەکی**

**أ.د. موحەممەد عەبدولفەزیل ئەلقوسی**

ئەندامی دەستەی گەورە زانایان‌و جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر

وەرگێڕانی:

**پ.د. عرفان ڕەشید شەریف**

ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا

پێداچوونەوەی:

**د. عبدالله مەلا سەعید گرتکی**

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



**أربیل _ کوردستان**

١٤٤١هـ    ٢٧١٩ك    ٢٠٢٠م

له بڵاوكراوەكانی
یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان
زنجیره (٦٧)

الكتاب: **واقع الخطاب الديني المعاصر– مقاربة في الوصف والحل**

المؤلف: **أ.د. ابراهيم صلاح الهدهد– رئيس جامعة الأزهر الأسبق**

إشراف وتقديم: **أ.د. محمد عبدالفضيل القوصي– نائب رئيس المنظمة العالمية لخريجي الأزهر.**

الترجمة الى الكوردية: **د.عرفان رشيد شريف– عضو المجلس الأعلى للإفتاء.**

مراجعة: **الدكتور عبدالله سعيد ويسي – رئيس إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان.**

**سنة الترجمة:** ٢٠٢٠ م – ١٤٤١ هـ.

**منشورات:**

- المنظمة العالمية لخريجي الأزهر – الموقع الألكتروني: www.waag-azhar.org
- إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان – الموقع الألكتروني: www.zanayan.org

**حقوق الطبع محفوظة**



# بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان..

# پێشەکی

## أ. د. محمد عبد الفضيل القوصى

لە هەر بابەتێکدا کە تێڕوانینی جیاواز هەڵبگرێ، مرۆڤ خۆی لە نێوان دوو لایەندا دەبینێتەوە، هەر یەکەیان دژ بە بەرامبەرەکەی وەستاوە، بە جۆرێ هەر یەکێکیان بەرامبەرەکەی دەسڕێتەوەو بە یەکجاری لە ناوی دەبات بەبێ بەرامبەری‌و تکاکاری، ئەمە چۆن ڕوو نادات لە کاتێکدا هەر یەکێکیان –بە چاوی کینەوە– جگە لە ڕەشی لەسەر ڕەشی‌و خراپی لەسەر خراپی، هیچی تر نابینێ لەبەرامبەرەکەیدا، دواجار گفتوگۆی نێوانیان سەر ڕاستی‌و لێبووردەیی‌و نێوەندگیری لەدەست دەدات.

مێژووی بیری ئیسلامی – لە سەرجەم سەردەمەکانیدا– لە میانەی تێگەشتنی دەقەکانی قورئان و سوننەتدا بە لای کەژاوەیەك لە هەڵەشەیی تێگەشتن‌و دەستگرتن بە مەنهەجی تێگەشتنی ڕووکەشییانەدا بۆ دەقە پیرۆزەکان، تێپەڕیوە، بە بێ ئاوڕدانەوە بەلای قوڵایی دەقەکان و ئاماژە زانستی و شەرعی و ڕەوانبێژییەکانیاندا، ئەمەش بووە بە هۆی پشتگوێخستنی بەشی "جوانی" لە قورئانی پیرۆزدا –بە پێی دەربڕینەکەی پێشەوا زەرکەشی– ئەو بەشەی کە خۆی دەبینێتەوە لە مەجاز و لێکدانەوە و پەی بردن بە قوڵایی پیت و وشە و ئاماژەکاندا، بەڵکو تێگەشتنە ڕوکەشییەکەی خۆیان کردووە بە پێوەرێك کە

ڕاستی و درووستی باوەڕ و پەرستش و مامەڵەکانی پێ بپێوری، بە جۆرێ کە دڵەکان پێی تەنگ دەبن و لێی دوور دەکەونەوە!

هەر لەم ڕوانگە ڕووکەشگەرایەوە چەند دەرگایەکی فراوانی خراپە لە فیکری ئیسلامیدا بەڵکو لە مێژووی ئیسلامیدا کرانەوە، ئەویش لە ڕێگەی چەن ڕێچکە و ڕێبازێکی فیکری پێچ و پلوچەوە:

* یەکەمیان: دەرگای "بە کافر کردن"ـە، کە دواتر وەرگێڕا بە خوێن و تەرم لە ژێر سایەی ئەو تێگەشتنە خراپەدا، دواتر بەخێرایی نووکی شمشێرەکانی ئیرهاب لە ژێر ئەو سێبەرە تاریکانەوە بەرز بوونەوە و تەڕ و وشکی پێکەوە سووتاند، ئایینی ئیسلامی تێکرا بە خوێن ڕەنگڕێژ کرد، کە لە ڕاستیدا ئایینی میهرەبانی و ئارامییە، وشەی ئیسلام کە پێشتر کلیلی دڵ و ڕۆحەکان بوو، بوو بە ئامرازێك بۆ داخستنی دڵەکان و ترساندن و تۆقاندن، وە لە ئەندێشەی زۆرینەی خەڵکدا پەیوەست بووە بە خوێن و تەرمەوە.

* دووەمیان: بریتییە زاڵبوونی "ڕووکەشەکان" بەسەر قوڵاییەکاندا، وە باڵادەستی ڕووکارەکان بەسەر کرۆکداو زاڵبوونی توێکڵ بەسەر ناخە شاراوەکاندا، ئەمەش لە توندیی عەقڵ و وشکیی دڵەکان و زبریی هەڵسوکەوت و ڕەقی مامەڵەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، وە لە کۆتاییدا بووە بە هۆی نغرۆ بوون و وشك بوونی هەست و سۆزەکان.

* سـێیەمیان: ئـەم "ڕووکەشـگەرایی"یـە، لـە سـەردەمی خۆمانـدا ڕاڕەوێکـی ترسناکترو کاریگەرتری گرتووە، ئەمەش لە کاتێکدا کۆمـەڵێك ئاراستەی فیکری وا گومان دەبەن لەم سەردەمەدا کە پابەندبوونو چاك بوونی کۆمەڵگا بەند نیە بە چەسپاندنی پێوانەی حەقو ڕاستی لە سەرتاسەری گەردووندا، بەڵکو بەنـدە بە گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە.

بـەم جـۆرە ڕووکەشـگەرایی لـە تێگەشـتنی دەقـە پیرۆزەکانـدا لـە سیاسـەتێکی شـەرعییەوە بـوو بـە یارییـەکی سیاسـی، بـە جـۆرێ کـە ئـەو دەقانـە لەگـەڵ ئـەو ڕووداوانـەی پێـوەی پەیوەسـت بـوون لـە مێـژووی ئیسـلامیدا، بـە مەبەسـت بەکارهێنران و لە مەبەستە باڵاکانی خۆی لادران تا بوو بە ئامرازێك بۆ بەزاندنی لایەنێکی دیاریکراو، ئەم تێگەشتنە بەجۆرێکی سـەیر ئایین بـە پـاکیو بێگـەردی خۆیەوە، تێکەڵ دەکات لەگەڵ گەمەی سیاسەتو فێڵو داوەکانی.

**دەڵێم**: ئایا ئەوانە ئاگاداری ئەو پەندە عەرەبییە پڕ حیکمەتە نین کە دەڵێ: (دژ، دژ ڕادەکێشـێ) ؟! نـازانن کـە زیـادەڕەوی دەبێتـە مایـەی زیـادەڕەوی زیـاتر؟! نیشتیمان چیتر بەرگەی بڵێسەو پریشکی زیاتر ناگرێ.

دواتر دەڵێم: ئەگەر ئەو قسەیەی ابن حزم ی ئەندەلوسی ڕاست بێ کە لە (طَوق الحَمامـة)دا دەفـەرمووێ: "دژەکـان هاوتـای یـەکترن"، واتـە هـەردووکیان لـە پەرگرتندا یەکسانن، ئەوا یـەکێك لـە ڕاستترین ڕاستییەکان ئەوەیـە کـە ئێمـە لـەو پەڕی پێویستیماندایـن بۆ گوتارێکی ئایینی جوان، تێیدا بە کۆدەستی هەمووماندەسـتبگرین بـە ناوەنـد گیرییەکـەوە کـە جـوانیی دژیەکـەکان کـۆ بکاتـەوەو

ناشرینییەکانی دوور بخاتەوە، بۆیە نابیٚ نەگۆڕەکانی ئایین بفەوتێنرێن لە پێناو گۆڕاوەکانی عەقڵدا، وە نابیٚ نەگۆڕە عەقڵییەکان بفەوتێنرێن لە پێناو ڕووکەشگەراییدا، بەڵکو پێویستە لە پێکەوە بەسترانی جوانییەکانیەوە سیاقێکی نێوەندگیری دروست ببیٚ کە کۆکەرەوەی هەردوو لایەن بیٚ، لەسەر بنەمای هاریکاریو تەواوکاری، هەر بۆیە ئەم نێوەندگیرییە تاکە دەستەبەرییە بۆ کوژاندنەوەی گڕی فیتنەو گێڕانەوەی ئوممەت بۆ ناوەندگیرییەکی دوور لە زیادەڕەویو کورتڕەوی، هەر وەك ڕێگایەکی ڕاستە، کە کەشتییەکە دەگەیەنیٚ بە کەناری ئارامی، وە سیستەمی بەهاکان ڕێك دەخاتەوەو لارییەکانی ڕەفتار ڕاست دەکاتەوە، ئەمەش ڕاست و ڕێنموونی کراوە.

دواتر ئەڵێم: با بەس بیٚ، ئاگری فیتنە هەڵمەگیرسێننو پریشكو بڵێسەکەی خۆش مەکەن...!

**محمد عبد الفضيل القوسى**

**القاهرة: ١٤٤٠هـ**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

**پیشەکی:**

**الحمدلله رب العالمين أنزل القران العظيم هدى للعالمين، وأرسل خاتم الأنبياء _ صلى الله عليه وسلم_ بشيرا ونذيرا، وهاديا وسراجا منيرا. وبعد..**

**ئەم بابەتەی بەردەستت باس لە دۆخی گوتاری ئایینی هاوچەرخ دەکات، بۆ ئەوەی چارەسەرەکانی بۆ دابنرێتو کۆمەڵێك نوێکاری لە گوتارەکەدا باس بکرێت، پاشان وردەکاری دەکرێت لەدیاریکردنی تێگەیشتنەکەدا، چونکە رێکخستنی تێگەیشتنی هەموو شتێك بریتیەلە سنورەکانی، هەروەکو چۆن خەڵکی ناتوانن بەبێ سنوردانان بژین، بەهەمان شێوە پێویستە لە ژیانی فیکریو ئاینیشدا بەو جۆرە بن.**

**پێغەمبەری خۆشەویست_صلى الله عليەوسلم_ پێشەوامانە لە رێکخستنو راستکردنەوەی تێگەیشتنەکاندا هەمووومان ئەو فەرمودەمان لەبەرە کە پیشەوا مسلم لە صەحیحەکەیدا بە سەنەدی خۆی لە ئەبو هورەیرەوە_رەزای خوای لێ بێت_ دەیگێرێتەوە کە پێغەمبەری خۆشەویست فەرموی:**

**(( أتدرون ماالمفلس؟ قالوا: المفلس فينا من لادرهم له ولامتاع، فقال: إن المفلس فينا من لادرهم له ولامتاع، فقال: إن المفلس من أمتي من يأتي يوم القيامة بصلاة**

**وصيام وزكاة، ويأتي وقد شتم هذا، وقذف هذا وأكل مال هذا، وسفك دم هذا، وضرب هذا، فيعطي هذا من حسناته، وهذا من حسناته، فإن فنيت حسناته قبل أن يقضى ما عليه، أخذ من خطاياهم فطرحت عليه ثم طرح في النار))**.

واتە: ئایا دەزانن مایەپوچ کێیە؟ وتیان: مایەپوچ لەناوماندا ئەوکەسەیە کە پارەو سامانی نەبێت، فەرموی: مایەپوچ لەئوممەتەکەی مندا ئەو کەسەیە کە لە رۆژی دواییدا بە نوێژو رۆژوو زەکاتەوە دێت، بەلاّم قسەی بەو وتووە، جنێوی بەو داوەو، ماڵی ئەوی خواردووەو لەوی داوە، جا بۆیە لە پاداشتی کردەوە چاکەکانی دەدرێت بەمو بەو، هەتاکو چاکەکانی تەواو دەبێت، پێش ئەوەی کە مافی خەڵکی بەتەواوی بداتەوە، پاشان لە خراپەکانی ئەوان دەهێنرێت و فڕێ دەدرێتە سەر کردەوەکانی، پاشان فڕێ دەدرێتە دۆزەخەوە، بەڕاستی پێغەمبەری خوا _صلی الله علیه وسلم_ ئەو تێگەیشتنانەی ڕاستکردەوە کە لەبیرو هۆشیاندا جێگیر ببوو.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، تەوەری یەکەم: بارودۆخی جێکەوتەی گوتاری ئایینی هاوچەرخ، کە ئەم تەوەرەش سێ خاڵ لەخۆ دەگرێت:

یەکـەم: گوتـاری داخـراوو خوێندنەوەیـەك بـۆ هەنـدێك شـوێنەوارەکانی. دووەم: گوتـاری لـەرێ دەرچـوو، سـێهەم: گوتـاری هاوسـەنگ‌و میـانڕەو، کەئەمەیان گوتاری کۆکەرەوەیە لە نێوان عەقڵ‌و نەقلدا.

تەوەری دووەم: دانانی چارەسەر، کە مـەفهومی گوتـاری ئـاینی‌و زەرورەتـی نوێگـەری‌و مەبەسـتە پیشـنیازکراەکان لـەم چـەرخەی خۆمـان بـۆ گوتـاری ئاینی‌و ئامرازەکانی نوێگەری لەخۆدەگریت.

# دۆخی گوتاری ئایینی هاوچەرخ

## ١_ گوتاری داخراوو خوێندنەوەیەك بۆ هەندێ لە شوینەوارەکانی:

لەڕاستیدا ئێمە لەبەردەم چەندین گوتاری ئاینی جیاوازین، کەمێکیان دژ بەیەکن، ئەمەش لەسەر ئوممەت نوێ نیە، چونکە هەر لەچەرخی یەکەمەوە ئەم گوتارە جیاوازانە بەدی کراوە، بەتایبەتی لەنێوان گوتارێك کە تێگەیشتن لێی لە بەردەم رووکەشی دەقدا تێگەیشتنێکی داخراوە، بەبێ تێگەیشتن لە مەبەستو سیاق، دەرهاوێشتەی ئەم گوتارە بریتی یە لە کافرکردنی دژ، دەرهاوێشتەی کافرکردنیش حەڵاڵکردنی خوێن ناموسی خەڵکیە، ئەم گوتارەش بەدرێژایی مێژوو لەنێوان گەشەکردنو پوکانەوەدا بووە، لەسەردەمێکدا گەشەی کردوەو لەسەردەمێکی تر لەگەشە کەوتوە، نمونەشی کە لەم چەرخەی خۆماندا گەواهی دەربێت گوتاری داعشیە، کە شانازی بە کۆیلەکردنی ژنو منالێ دەکات، تەنانەت یەکێك لە داعشەکان دەڵێت: سوپاس بۆ خوا کە نیعمەتی خۆی ڕژاندوە بەسەرماندا بە نیعمەتی کۆیلەکردنی ژنو منداڵ، ئەمەش لەسەر ماڵپەڕە ئەلەکترونیەکان دەبینێت،کە ژنو منالی موسولمانان لەژێر ناوی سبی کۆدەکاتەوە، بڵندگۆیەك بەرزدەکاتەوەو وەکو ئاژەڵ کۆتیان دەکاتو بۆ فرۆشتنیان هاوار دەکات، کە ئەمەش قێزەونترین وێنەیە کە تەزوو بە جەستەی مرۆڤدا دەهێنێت، ئەم نمونەیەش بیری کردەوەی خەواریجەکانمان دەخاتەوە

لەسـەردەمی خەلیفـەو ئـەمیری بڕواداران عـەلی کـوری ئـەبو تالیـب_رەزای خوای لی بیت_ لەساڵی ٣٨ی کۆچی، کاتێك خەواریجـەکان لـەژێر فـەرمانی پێشـەوا عـەلی دەرچوون لەبـەر ئـەوەی بە تـەحکیم ڕازی بـوو، ئیبن عـەباس ڕۆشـت بۆ لایـان لەکاتێکـدا ژمارەیـان ٦٠٠٠ شـەش هـەزار کـەس بـون، بـۆ ئـەوەی ڕازیـان بکـات، جـوانترین پۆشـاکی لەبـەرکردو ڕۆشـت بـۆ لایـان و فـەرموی: چ رەخنەیـەکتان لـە ئامۆزای پێغەمبـەر هەیـە؟ هەندێکیان ڕوویـان کـردە هەنـدێکی تریـان و گوتیـان: قسـەی لەگەڵـدا مەکـەن، چـونکە خـودا دەفەرمویت: {**بل هم قوم خصمون**} الزخرف/٥٨، واتـە: ئەوانـە کۆمـەڵێکن کـە مشتومڕ بەشتی بەتاڵ دەکەن؟

هەنـدێکیان گوتیـان: چ شـتێك ڕێگـرە لـەوەی گـوێ بـۆ ئـامۆزای پێغەمبـەری خـودا _صـلی اللـە علیـە وسـلم_ بگـرین، لەکاتێکـدا بانگمـان دەکـات بـۆ لای کتێبەکەی خودا؟ گوتیان: سێ ڕەخنەمان لێی هەیە:

یەکـەمیان: پیـاوان دەکاتـە حـاکم بەسـەر دینـی خـواوە، دینـی خـوا لـەکوێ و حوکمی پیاوان لەکوێ؟

دووەم: ئـەو پیـاو کـوژەو سـەبی ناکـات و غەنیمـەتی هەڵنـەگرت، ئەگـەر کوشتنیانی حەلاڵ کردبێت ئەوا سەبی کردنی حەلاڵ کردوون، وەگەرنا ئەوا نەکوشتنی حەلاڵ کردوەو نەسەبی کردنیان.

سـیهەم: خـۆی لـە ئـەمیری موسـوڵمانان سـڕیوەتەوە ، ئەگـەر ئـەمیری موسوڵمانان نەبێت ئەوا ئەمیری هاوبەش دانەرانە، وتم: جگە لەمانە چی تر؟؟ وتیان: بەسمانە، ئیبنو عەباس وەلامی هەموو رەخنەکانی دانەوەو سێ یەکیکیان گەرانەوە، سێ یەکێکی تریشیان رۆشتن، ئەوانی دیکەش لەسەر گومرایی کوژران. تأريخ الاسلام للذهبي ٣٥٥.

**لەو تاوانانەیان کە وابەستەی داخراویە لەتێگەیشتنی دەقدا رووخاندن و هەڵتەکاندنی کلتورە:**

لەناشیرینترین رەفتاریان روخاندنی ئاسارو کلتوری میژووە لەعیراق و شانازی بەم کارەشیانەوە دەکەنو بەگرتەی ڤیدیۆیی لەپێگە ئەلیکترۆنیەکاندا بڵاوی دەکەنەوە، چونکە واتێگەیشتون کە ئەم ئاسارانە بتن، ئەم کارە قێزەونانەشیان واپیشان ئەدەن کە گەورەترین نزیك بونەوەیە لەخودا، ئەم کەسانە هدایەتی قورئان و سوننەتو کاری پێشینەباشەکانو هەڵوێستی ئیسلامیان سەبارەت بە ئاسار لێ ون بووە، کە هەڵوێستێکی زۆر روونو ئاشکران سەبارەت بە ئاسار لەو ولاتانەی کەئازاد کراون، کە زۆر بەروونی لەم خاڵانەدا روون دەبنەوە:

١_ مانەوەی ئاسار لەو ولاتانەی کە موسوڵمانان ئازادیان کردن لەسەردەمە باشەکاندا لەمیصرو ولاتانی دیکە، کەئەم ئازادکردنانەش بە رابەرایەتی

هاوەلان بوە _ رەزای خوایان لیٚ بیٚت_ کەباشترین نەوەبوون کەمرۆڤایەتی ئاشنابوبن پیٚیان.

٢_ قورئان فەرمانی کردوە بەگەران لەسەر رووی زەوی، بۆ ئەوەی کە پەند لە ئاساری گەلانی پیٚشو وەربگرن، کە نمونەی زۆری لەقورئانی پیرۆزدا هەیە، لەونمونانە: **((أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كانَ عاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ كانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَأَثارُوا الْأَرْضَ وَعَمَرُوها أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوها وَجاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّناتِ فَما كانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلكِنْ كانُوا أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ))** الروم:٩.
یان نمونەی: ((**ألم تَرَ كَيفَ فعل رَبك بعاد إرم ذَات الْعِمَاد الَّتِي لم يخلق مثلهَا فِي الْبِلَاد**)) الفجر: ٦-٨. یان نمونەی: ((**فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ**))یونس ٩٢.

٣_ پیٚویستە لە سەر ئەو کەسەی کەدەلیٚت: با ئاسار تیٚك بدریٚت کە خۆرو مانگو ئاژەلٚو درەختو هەموو ئەو شتانەی جگە لەخوا دەپەرستریٚن کە تا ئەمرۆش دەپەرستریٚن تیٚك بدات.

٤_ جیاوازی هەیە لەنیٚوان ئاسارو بت، هەروەك جیاکاریەکی خودایی هەیە لەنیٚوان قەدەغەکردن لەپەرستنی بتەکان بەجیاوازیشیانەوەو هەلویٚست لەو شتانەی کەدەپەرستریٚن، ئەوەی کە لەچیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم _سلاوی خوای لیٚ بیٚت_ هاتوە لە شکاندنی بتەکان بۆ بەرپاکردنی گفتوگۆیەك بوە لەگەلٚ گەلەکەیدا، لەسەردەمیٚکدا هەندیٚك لەخەلکی ئەستیٚرەومانگو

رۆژیان پەرستوە، کە هەموو ئەو پەرستراوانە دروستکراوی خوانو خودا رامی کردون بۆ خزمەتی گەردونو مرۆڤایەتی، ئایا رەوایە لەبەر ئەوەی کەسانێك مانگو رۆژیان پەرستوە ئێمە هەڵوێستی نەخوازراومان هەبێت لەبەرانبەر مانگو رۆژدا، کەهەندێك لەخەڵکی ئەم دروستکراوانەیان پەرستوە بەمەبەستی نزیك بونەوە لەخودا، خوای گەورە دەفەرمویت: **((وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لَا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِنْ كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ)) فصلت٣٧.**

هەر لەچیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیمدا پەندێکی گەورە هەیە، کەتەنهامەبەستی خودی بتەکان نەبوە، بەڵکو مەبەستی قەدەغەکردنی پەرستنیانو گفتوگۆ بووە لەگەڵ گەلەکەی، ئەگەر حەزرەتی ئیبراهیم لەبەر خودی بتەکان دژایەتی بکردنایە ئەوا گەورەکەیانی نەدەهێشتەوە، بەڵکو هێشتنەوەی گەورەکەیان بۆ بەرپاکردنی رووبەروبونەوەو جێگیرکردنی بەڵگە بوو لە سەریان، کەئەم بتانە قسەناکەنو ناخۆنو ناتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن، تەنانەت ئەوشتانەی کە حەزرەتی ئیبراهیم لەرووی گاڵتە پێکردنەوە دایە پاڵ بتەکان کە ناتوانن جێبەجێی بکەن، کە پرسیاریان کرد: کێ وای کردوە لەخواوەندەکانمان؟؟؟ حەزرەتی ئیبراهیم فەرموی: گەورەکەیان وای لێکردون، خوای گەورە لەسورەتی الانبیاء دەفەرمویت: **((إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَا هَذِهِ التَّمَاثِيلُ الَّتِي أَنْتُمْ لَهَا عَاكِفُونَ (٥٢) قَالُوا وَجَدْنَا آبَاءَنَا لَهَا عَابِدِينَ (٥٣)**

**قَالَ لَقَدْ كُنْتُمْ أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٥٤) قَالُوا أَجِئْتَنَا بِالْحَقِّ أَمْ أَنْتَ مِـنَ اللَّاعِبِينَ (٥٥) قَالَ بَلْ رَبُّكُمْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الَّذِي فَطَرَهُنَّ وَأَنَا عَلَى ذَلِكُمْ مِنَ الشَّاهِدِينَ (٥٦) وَتَاللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَامَكُمْ بَعْدَ أَنْ تُوَلُّوا مُدْبِرِينَ فَجَعَلَهُمْ جُذَاذًا إِلَّا كَبِيرًا لَهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ (٥٨) قَالُوا مَنْ فَعَلَ هَذَا بِآلِهَتِنَا إِنَّهُ لَمِنَ الظَّالِمِينَ (٥٩) قَالُوا سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُ إِبْرَاهِيمُ (٦٠) قَالُوا فَأْتُوا بِـهِ عَلَـى أَعْـيُنِ النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ (٦١) قَالُوا أَأَنْتَ فَعَلْتَ هَذَا بِآلِهَتِنَا يَا إِبْرَاهِيمُ (٦٢) قَـالَ بَـلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا فَاسْأَلُوهُمْ إِنْ كَانُوا يَنْطِقُونَ (٦٣) فَرَجَعُوا إِلَى أَنْفُسِهِمْ فَقَالُوا إِنَّكُمْ أَنْتُمُ الظَّالِمُونَ (٦٤) ثُمَّ نُكِسُوا عَلَى رُءُوسِهِمْ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَؤُلَاءِ يَنْطِقُونَ (٦٥) قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنْفَعُكُمْ شَيْئًا وَلَا يَضُرُّكُمْ (٦٦) أُفٍّ لَكُمْ وَلِمَا تَعْبُـدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (٦٧) قَالُوا حَرِّقُوهُ وَانْصُرُوا آلِهَتَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ (٦٨) قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَـرْدًا وَسَـلَامًا عَلَـى إِبْـرَاهِيمَ (٦٩) وَأَرَادُوا بِـهِ كَيْـدًا فَجَعَلْنَـاهُمُ الْأَخْسَرِينَ)) الانبياْ ٥١_٧٠.**

لــەڕاو وتــە ناهەمواریــەکانیان کــە دەڵــێن: (دارالکفــر)و (دارالاســلام) و بەجێهێشــتنی نیشــتمان لەســەر بنــەمای تێگەیشــتن لــەم چــەمکانەو بەگەورەترین کاری دەزانن کەلەخوایان نزیك دەکاتەوە:

فەرمودەکە بخاریو مسلم_ڕەزای خوایان لی بیت_ بەرشتەی خۆیان لەئیبن عەباسەوە گیراویانەتەوە، کەپێغەمبەر لەڕۆژی فەتح فەرموی :{{**لاهجرة بعد**

**الفتح ولكن جهاد ونية، وإذا استنفرتم فانفروا**}} واتە: لەدوای ئازادکردنی مەککە کۆچ کردن نەماوە، بەڵکو تەنها جیهادو نیەتی جوان ماوەتەوە.

هیجرەت لەزمانەوانیدا بەواتای وازهێنان دێت، پاشان بە واتای رۆشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە هاتوە، کەبەزۆری بەهەردوو کۆچەکە بۆ حەبەشەو مەدینە دەوترێت، بەڵام هیجرەت لەزاراوەدا بەواتای وازهێنانە لەهەموو ئەو شتانەی کە خودا قەدەغەی کردوون، بەڵام هیجرەت بەواتای بەجێهێشتنی نیشتمان حوکمەکەی بڵند دەکاتەوەو تەنها بەدیلەکەی ئەمێنێتەوە کەبریتی یە لە جیهادو نیەت.

لەراستیدا هیجرەت لەپێش فەتحی مەککە لەسەر ئەوموسوڵمانانە فەڕز بوە کە لە مەککە موسوڵمان بوون، کەپەروەردگار شکۆی بەرزکردۆتەوەو لەکەلامی پیرۆزی خۆیدا سەرکۆنەی ئەوانەی کردوە کەبەم کۆچە هەڵنەستاون، هەروەك دەفەرمویت: ((**وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُمْ مِنْ وَلَايَتِهِمْ مِنْ شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُوا**)) الانفال /٧٢

هەر بەم شێوەیە مایەوە تا ئازادکردنی مەککە، پاشان فەرزیەتی کۆچ نەسخ کرایەوە، هەروەك زانایان روونیان کردەوە لەکاتی کۆچەوە هیچ نارەحەتیەك تارۆژی دوایی لەسەر ئەو موسوڵمانانەی کە لە دارالکفر نیشتەجێ دەبن نیە بەمەرجێك بتوانن ئاینی خۆیان جێبەجی بکەن،

هەروەك پیشەوا ماوەردی _ڕەحمەتی خودای لیٚ بیٚت_ گەورەیی نیشتەجیٚ بوونی موسوڵمانان لە دارالكفر ڕووندەكاتەوەو دەفەرمویت: " نیشتەجی بوونی موسوڵمان لە كۆچەكەی گرنگترە، چونكە لە نیشتەجیٚ بوونی ئەم موسوڵمانە لە دارالكفر ئومێدی موسوڵمان بونی كەسانی دیكە دەكرێت". كە ئەم ڕایەی ماوەردی زۆر ڕاستو حەقەو بەڵگەكانی شەریعەت پاڵپشتی دەكەن، بەلام ئەم گەورەیو فەزڵە بۆ كەسێكە كە نیەتی دەرخستنی حەقو بانگەشە كردن بێت بۆی، كەسەكەش شایەنی ئەم كارە بێت.

كورتەی قسە: لەئێستادا هیجرەت واجب نیە بەمەرجێك دووچاری فیتنە نەبێت، هەر ئەمەشە كە ئیبن حەجەر لەراڨەی فەرمودەكەدا باسی كردوەو دەفەرمویت:"ئەم كۆچە بۆ كەسێكە كەبترسێت فیتنە لەسەر دینەكەی دروست بێت" ئەمەش هەمان ئەو گێرانەوەیە كە پیشەوا بوخاری لەصەحیحەكەیدا لە مغازی لە دایكی ئیمانداران حەزرەتی عائیشەوە دەیگێڕێتەوە، كەعوبەیدی كوری عومەیری لەیسی پرسیاری لەدایكی ئیمانداران كرد سەبارەت بە كۆچ، ئەویش فەرموی (كۆچ تەنها لەپیش ئازادكردنی مەككە بوو كەپێغەمبەری خودا لە مەدینە بوو، بەڵام ئەمرۆ كۆچ نیە، بەڵكو جیهادو نیەتە، پێغەمبەری سەروەر كۆچەری ڕاستەقینەی لەفەرمایشتێكی خۆیدا ناساندوە كە پێشەوا بوخاری لەصحیحەكەیداو بەرشتەی خۆی گێراویەتیەوەو دەفەرمویت: ((**المسلم من سلم المسلمون من**

**لسانەويدة،والمهاجرمن هجرمانهى الله عنة**))واتە: موسوڵمان ئەو کەسەیە کەموسوڵمانان لەزمانو دەستی سەلامەت بن، کۆچکاریش ئەو کەسەیە کە واز لەو شتانە بهێنێت کەخودا قەدەغەی کردوون.

ئەمە تێگەیشتنی پێشینە باشەکانمانە بۆ فەرمودەکە، قازی عیاز چەند جوانی فەرموە کە دەڵێت:"ئوممەت کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە حەرامە کۆچکار واز لەکۆچەکەی بهێنێت و بگەرێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی، ئەمەش کە فەرز بووە لەسەری لەسەردەمی پیغەمبەردا بووە بۆ سەرخستنی یان بۆ لەخزمەتا بوونی، یان بۆ کاتی پیش ئازادکردنی مەککە بوە، بەڵام کەمەککە ئازادکراو خوای گەورە ئیسلامی بەسەر هەموو ئاینەکاندا زال کردو کافرەکانی نابود کردو موسوڵمانەکانیشی سەر بەرزکرد، ئیتر فەرزی کۆچ لەسەرموسوڵمانان هەلگیرا" .

هەروەك پیغەمبەری خۆشەویست دەفەرمویت: ((**لاهجرة بعد الفتح**)) یان دەفەرمویت:((**مضت الهجرة لاهلها**)) واتە: کۆچ بۆ کەسانی خۆی رابورد، واتە ئەوانەی کە لەشوینو ماڵی خۆیان کۆچیان کرد پێش ئازادکردنی مەککە لەبەر دڵدانەوەی پێغەمبەرو پشتگیری کردنو سەرخستنی ئاینەکەیو چەسپاندنی شەریعەتەکەی.

# لادانی دەق لەماناو مەبەستە راستەکەی

ئەوانەی بانگەشەی شارەزایی لەئاییندا دەکەن فەرمودەکەیان لەمەبەستی خۆی لاداوە، واتا زمانەوانیە یەکلاکەرەوەکەیان نەزانیوە کە لەدەقە پیرۆزەکەدا هاتوە، بەڵکو ئەوان دەڵێن: واجبە لە (دار الشرك)ەوە کۆچ بکرێت بەبەڵگەی ئەو ئایەتانەی کەپێش نەمانی حوکمەکەی هانی کۆچ دەدەن، بێئاگا لە رەوتی وتارو دۆخ، پاشان پشت دەبەستن بە چەند گێرانەوەیەك کەزانایان بەلاوازیان داناون، وەکو ئەو فەرمودەیەی کە دەفەرموێت: ((**أنابريء من كل مسلم يقيم بين أظهر المشركين**)) واتە: من بەریم لەو کەسەی لەناو هاوبەش دانەراندا نیشتەجێ دەبێت.

یان فەرمودەی: ((**لاتنقطع الهجرة حتى تنقطع التوبة، ولاتنقطع التوبة حتى تطلع الشمس من مغربها**)) واتە: هیجرەت کۆتایی نایەت هەتا تەوبە کۆتایی پێ نەیەت، تەوبەش کۆتایی نایەت تا خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێت.

فەرمودەی یەکەم: ئەبو داودو تیرمیزیو نەسائی گێراویانەتەوە، کە بۆ پێش ئازادکردنی مەککەیە، یان بۆ کەسێکە کە دینەکەی دووچاری فیتنە دەبێتو خۆی دەمینێتەوە.

فەرمودەی دووەم: پیشەوا ئەحمەد لەموسنەدەکەیو، ئەبو داودو نەسائی گیراویانەتەوە کە رشتەکەی لای زانایانی فەرمودە لاوازە، چونکە لەرشتەی گیرانەوەکەیدا ئەبا هندی بەجلی هەیە کەزانایانی فەرمودە دەفەرمون: نەناسراوە.

## گەورەترین هەلخلیسکان لەتێگەیشتنی

## دەق شارەزا نەبونە لەهەردوو بواری حاڵو دۆخ

تێگەیشتن لە ئایەتەکانی قورئانو فەرمودەکانی پێغەمبەر _صلى الله عليهوسلم_ دووربون لە زنجیرەی گوتاریو شوینیو ، دووربون لە مەبەستە گشتیەکانی شەریعەتی ئیسلام شوین هەڵخلیسکانێکی گەورەو مەترسیدارەو پێشینەکان لەم بارەوە هوشداریان داوە، لەو زانایانەی کەهوشداریان داوە پیشەوا شاطبي _ رەحمەتی خودای لیٚ بێت_لەکتێبی الموافقات: کەپێویستە کەسی گوێگر بەگرنگیەوە لێی بروانێتو کەسی تێگەیشتوو ئاوڕ لەسەرەتاو کۆتایی بداتەوە، یان لەخودی بابەتەکە وردبێتەوەو بزانێت چی دەخوازێت.

چونکە ناگونجێت واتای ئەو فەرمودەیەی کە پێشەوا ئەبو داود لەسونەنەکەیداو پێشەوا ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا لە موغیرەی کوری شوعبەوە _رەزای خودای لیٚ بێت_گێراویانەتەوە، دەفەرمویت: (( **ضفت النبي _صلى الله عليه وسلم_ذات ليلة فأمر بجنب فشوى وأخذ الشفرة، فجعل يحز لي بهامته، قال: فجاء بلال فآذنه بالصلاة، قال: فألقى الشفرة، وقال: ماله تربت يداه، وقام يصلي** )) واتە: شەوێك لەماڵی پێغەمبەری خودا میوان بوم، لایەکی ئاژەڵێکی هێنا لەگەڵ چەقۆیەکداو گۆشتەکەی دەبڕیو دەیدا بەمن، پاشان

بـیلال هـاتو بـانگی دا بـۆ نویـژ، پێغەمبـەریش _صـلی الله علیـه وسـلم_ چەقۆکەی فریداو فەرموی: چیەتی دەستی بەخۆڵا بچێت.

پیشەوا ئەنباری ئەم زیادەیەی هێناوە کە دەڵێـت: **وکان شاربي وفـی، فقصـه لي علی سواك، أوقال: أقصه لي علی سواك، أو قـال: أقصـه لـك علـی سـواك**))

واتـە: منـیش سمـێلم دریـژ بـوو بەسـیواکەکە رێکـی دەکـردو دەیـبریَ، یـان فەرموی: بۆت کورت دەکەمەوەو بەرێککردنی بەسیواکەکە.

عەقل قەبوڵی ناکات پێغەمبەری خوا دوعای لەبیلال کردبێت لەسەر شێوەی حەقیقـەت، بـەڵام رەوتـی بابەتەکـە وادەخوازێـت کـەدوعای بـۆ کردبێـت نـەك دوعای لیَ کردبێت، بەڵکو کارێکی واشی کردوە کەشایەنی ستایشی زیـاتر بیت.

گوتەیـــەکی ئەبوعوبەیـــدەم دیوەتـــەوە کەپێشـــەوا قورتـــوبی رایگواســـتوە لەبابەتی ئاراستەکردنی ئەم شێوازانە کە دەڵێـت: لەراسـتیدا ئـەم ووشـانەو هـاو وێنـەکانیان عـەرەب بـەکاریان هێنـاون بـەبیَ ئـەوەی مەبەسـتیان دوعـا کردن بێت لەکەسانی دیکە، ئەم رایە رای ئـەبو عوبیـد بـوە لـەم وشـانەو هـاو وێنـــەکانیان، کـــە لـــە زۆریـــك لەنامەکانیدابـــەجوانی روونـــی کردۆتـــەوەو دەفـــەرموێت: هەنـــدیَ جـــار وشـــە یـــەك نـــامۆو ناهـــەموارە بـــەڵام هـــەموی خۆشەویســـتیە، یـــان کارێکـــت بـــەدڵ نیـــەو ناشـــکرێت نـــەکرێت، عـــەرەب

لەکارێکدا کە گرنگ بێت دەڵێن: باوکت نیە، یان دەڵێن: خوا بیکوژێت، کە مەبەستیان سەرکۆنەکردن نیە، یان بۆکارێك کە تەواو بوبێت دەڵێن: هاوار بۆ دایکی.

کەسی ژیر لەم بوارەدا ئەبێت بڕوانێتە وتەو خاوەنەکەی، ئەگەر کەسێکی چاك بێت ئەوە جێگای ئاوڕ لێدانەوەیە باوتەکەش زبر بێت، ئەگەر دوژمنیش بێت ئەوا وتەکەی بەلاوە ناهەمواریە ئەگەر جوانیش بێت.

ئەوەتا لەرەوانەکردنی بابەتێك بۆ تێگەیشتن لێی یان تێگەیشتن لە ناوەرۆکەکەی، یان دانانی گوتەیەك لەشوێنی خۆیدا رەواترو باشترە لەم بابەتە.

ئەوانەی کەتەنها لەدەقی فەرمودە دەروانن بەبێ گوێدانە پرشنگی ناوەرۆکی، لەم رۆژگارەی ئێمەدا کۆمەڵگا دابەش دەکەن بەسەر (دار الکفر)و (دار الاسلام)، لەم سۆنگەشەوە کۆچ کردن لە دارالکفرەوە بۆ دارالاسلام بەواجب دەزانن و نیشتمانی خۆیان بەجێدەهێڵن، لەکاتێکدا ئەمرۆ هەموو موسوڵمانان لەتەواوی جیهان بەئازادی پەرستشەکانی خۆیان بەجێدەهینن و هیچ کەسێك رێگریان لێ ناکەن، مزگەوتەکان لەئەوروپا و روسیاو تەواوی جیهان پڕن لەموسولمانان، ئێستا لەچاو جاران دونیا گۆردراوە، هەر خودی پیغەمبەریش _صلی الله علیه وسلم_ بەگۆرانی

سەردەم تێگەیشتنەکانی گۆریوە، وەکو گۆرینی تێگەیشتنی چەمکی هیجرەت، کەلەپێش کۆچکردن زۆر روونو ئاشکرا بوو، بەڵام لەپاش کۆچ تێگەیشتنێکی دیکەی هەمیشەیی باسکرد کە تا رۆژی دوایی بەردەوام ئەبیت، ئەویش بریتی بو لەوەی کە کۆچ بریتی یە لەواز هێنان لەقەدەغەکراوەکان، هەر کەسێکیش ئەم تێگەیشتنەی بەلاوە قورسو ناهەموار بێت ئەوە بەباشی لەسوننەتی پەروەردگار لەگەردونو سوننەتی پیغەمبەر_صلى الله عليه وسلم_ تێنەگەیشتوە.

جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان موسوڵمانانی پێشین کە لە مەککەدا ژیاون و ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئێستا جێگیر بوون، ئەو سەردەمەی رابردو کۆتایی پێهاتوەو رەوا نیە ئەم ئایەتە پیرۆزانە بکرێنە بەڵگە کە خوای گەورە دەفەرمویت: ((**وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُمْ مِنْ وَلَايَتِهِمْ مِنْ شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُوا**))الانفال /٧٢، یان ئایەتی پیرۆزی: ((**وَالَّذِينَ آمَنُوا مِنْ بَعْدُ وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا مَعَكُمْ فَأُولَئِكَ مِنْكُمْ**))الانفال / ٧٥ ، یان ئایەتی پیرۆزی: ((**إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنْتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُولَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا**))النساء /٩٧

ئـەو كۆچـەی كەبـەواتای بەجێهێشـتنی وڵـات و نیشـتەجێكردنی كەسـانی دیكـە لەشـوێنیان تایبەتـە بـەو موسـوڵمانانەی كـە دەسـتەی یەكـەم بـوون لەمەككـەو ئـەو كۆچـە بـوو كـە گـەل و هۆزەكانیـان ناچـاریان دەكـردن بـە كۆچكردن، بەبەڵگەی عەتف كردنەوەی ووشـەی الإخـراج بۆ سـەر المهـاجرە لـەم ئایەتـە پـیرۆزەی سـورەتی ال عمـران: ((**فَالَّـذِينَ هَـاجَرُوا وَأُخْرِجُـوا مِـنْ دِيَارِهِمْ**))ال عمران /١٩٥

ئیتر ئەو كۆچ كردنە بە راشكاوانە بێت یان بە ئاماژە بێت لـەرووی خراپـی وتارەوە، موسوڵمانان یەكەم كۆچیان بۆ حەبەشە كرد لەئەنجامی ئـەو سزاو ئازارانــەی كەلەلایــەن موشــریكەكانەوە پێیــان گەشــت، پاشــان پێغەمبــەر _صـلی اللە علیـە وسـلم_ كۆچـی كـرد بـۆ مەدینـەو تـەواوی موسـوڵمانان پەیوەنــدیان پێــوە كــرد لەئــەنجامی ئــەو ســزاو ئازارانــەی كەلەلایــەن موشریكەكانەوە پێیان گەیشت، لەگەڵ ئەمەشدا هیچ شتێك نیە كەئاماژە بێت بۆ ئەوەی كەموشریكەكان موسوڵمانەكانیان دەركردبێت.

بـەڵكو كـۆچ لێـرەدا بـەواتای ناچـاركردنە بەدەرچـوون، هـەروەك وەرەقـەی كوری نەوفـەل بەپێغەمبـەری وت: خۆزگایـە لـەو كاتـەی كـە گـەلو هۆزەكـەت دەریان دەكردی منیشت لەگەڵدا بومایە، یـان فـەرمودەی پێغەمبـەر _ صـلی اللە علیـە وسـلم:(( **او مخرجــي هــم؟**)) واتــە: ئەوانــە مـن دەردەكـەن، پاشـان فەرموی: ((**ماجاْ نبي بمثل ماجئت بة الا عودی**)).

زانای گەورە طیبي لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا ((**أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا**)) دەفەرمویت: دەیانەوێت کە بڵێن: ئێوە بەتوانان لە سەر دەرچون لەمەککەوە بۆ لای هەندێ ولات کە قەدەغەکراون لەئاشکراکردنی ئاینەکەتانو کۆچ کردن بۆ خزمەتی پێغەمبەر _صلى الله عليه وسلم_ هەروەك چۆن کۆچکەران کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر کەسێك لەشارێکدا بێتو نەتوانێت ئایینداری خۆی بکات _لەبەر چەند هۆکارێك کەوای پێویست دەکات_ کە گرفتو لەمپەرەکان ئەوەندە زۆرن ناژمێردرێن، یان زانراوە کە جگە لە شاری خۆی باشتر ئەتوانیت خواپەرستی بکاتو بەردەوام بێت لەسەر پەرستن ئەمە پێویستە لەسەری کە کۆچ بکات.

زانایان لە راڤەی ئایەتی پیرۆزی: ((**وَمَنْ يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَجِدْ فِي الْأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً وَمَنْ يَخْرُجْ مِنْ بَيْتِهِ مُهَاجِرًا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا**)) النساء /١٠٠ چەند رایەکیان هەیە، لەوانە رای زانای گەورە طيبي کەدەفەرمویت: ئاماژەی ئایەتەکەی چواندوە بە پەیدابونی پاداشتی گەورە کە ئەندازەی رێزەکەی نازانرێت و درکی ناواخنی ناکرێت و چۆنیەتی جێگیرکردنی نازانرێت جگە لەوەی کەبەو ناوە گشتگیرەوە ناوبرا بێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەئەم کارە پاداشتەکەی گەورەیەو بەهاکەی مەزنە، لەبەراورد کردنی ئەم

مەرجە بەمەرجی پێشو ئاماژەیە لەسەر ئەوەی کە هەرکەسێك کۆچ بکات یەکێك لەدوو سەرکەوتنەکەی بەنسیب دەبێت، یەکەمیان بینینی دوژمنانی خودایە بەسەر شۆری ئەوەش بەهۆی لێك جیابونەوەی لێی پاشان پەیوەندی کردن بە چاکەو گوشادی، یان مردنو گەیشتن بەکامەرانی راستەقینەو خۆشی هەتا هەتایی.

یان رای فەخرەدینی رازی کە لە سەر غەیری خۆی هەڵیبژاردوە کە دەفەرمویت: من رایەکی دیکەم هەیە کەواتاکەی بریتی یە لە: هەر کەسێك کۆچ بکات لەپێناوی خوادا بۆ ولاتێکی دیکە، لەو ولاتەی کە کۆچی بۆ کردوە سودو نیعمەتێکی زۆر بەدەست ئەهێنێت کە دەبێتە هۆی شکاندنی شکۆی ئەو دوژمنانەی کە لە ولاتەکەی خۆیدابون، چونکە هەر کەسێك ولاتی خۆی بەجێ بهێڵێت و لەولاتێکی بێگانە نیشتەجێ بیتو ئەم هەواڵە بگاتەوە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی لەسەر مامەڵە خراپەکانیان کە لەبەرانبەری کردویانە رسوا ئەبەن، دانانی ئەم ووشەیە لەسەر ئەم راڤەیە نزیکترە لەسەر راکەی ئەوان.

بەدڵنیاییەوە زانایان باسیان لەو راستیە کردوە کە هەر کۆچێك لەبەر مەبەستی ئاین بێت لەبەدەستهینانی زانست و زانیاری یان حەج یان تێکۆشان یان رۆشتن بۆ شارێك کە تیایدا خواپەرستی زیاتر بکاتو دونیا نەویستی زیاتر بێت، یان لەهەوڵی بەدەستهێنانی رزقو رۆزی حەلاڵ و

خـاوێن بێـت ئـەو کۆچـە بـۆ لای خـواو پێغەمبـەری خوایـە_صـلی اللەعلیـە سلم_، ئەگەر لەرێگای کۆچەکەشیدابمرێت پاداشتی لای پەروەردگارە.

ئەوانەی کە بانگەشـە دەکـەن بـۆ کـۆچ کـردن بـەرەو ولاتێکـی دیکـە ئایـا ئـەم وڵاتــە باشــترە لــەو ولاتــەی کــە کۆچــیان لێکــردوە؟ دەوڵــەتانی ئیســلامی بەشـێوەیەکی گشـتی کۆمەڵگایـەکی کـافرو بـیٚ بـروا نـین و دارالکفـر نـین، هەروەك کۆمەڵگایەکی داماڵراو نین لەرەوشتو بەهابەرزەکان، تـا بگاتـە ئـەو ئاستەی کە موسوڵمان لـەدینو رەوشـتی خـۆی بترسـێت، هـیچ کۆمەڵگایـەك بـەدەر نیـە لـەتاوانو هەڵـە، تەنانـەت کۆمەڵگـەی پێغەمبـەرو هاوەڵانیشـی هەندێك لەهەڵەو تاوانی تاکەکەسی تێدا بوە.

هـیچ بەڵگەیـەکیش نیـە کـە پێغەمبـەر_صـلی الله علیـە وسـلم_بانگەشـەی وازهینانی لە کۆمەڵگا کرد بێت تەنها لەبەر ئەوەی کـە هەنـدێك هەڵـەی تێـدا کرابێت، بەڵکو داوای کردوە کە تـاوان بـار تەوبـە بکـاتو بگەرێتـەوە بـۆ لای خــواو گەرانــەوەی لەبەرچــاو خۆشەویســت کــردوە، بــەڵکو جــێگیر بــووە لەپێغەمبــەرەوە _صــلی اللەعلیــە وســلم_کەپیشــەوا مســلم گیراویەتیــەوە لەصحیحەکەیدا: ((**والذي نفسي بيده  تذنبوا لذهب الله بكم، ولجاء بقوم يذنبون، فيستغفرون الله فيغفرلهم**))

واتە: سوێند بەوزاتەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر ئێوە تاوان نەکەن ئەوا خودا لەناوتان دەبات و کۆمەڵێك دەهێنێت کەتاوان بکەن و داوای لێخۆشبوون بکەن و لێیان خۆش ببێت.

ئا لێرەوە دەگەینە ئەو راستیەی کەدروست نیە وازهینان لە کۆمەلگا تەنها لەبەر ئەوەی چەند گوناهێکی تیا بکرێت، بەڵکو فەرمان کردن بەچاکەو ناکردن لەخراپە ئەرکی سەرشانی موسوڵمانانە.

# لە هەڵەکانیان شاهێدی دان لەسەر کاری خۆکوژی

ئـەوەی کـە ئـەمرۆ ئوممـەتی ئیسـلامی بەدەسـت سـتەمی دوژمنەکانیـەوە ئــەناڵێنێت، بــەهۆی هەڵســوکەوتی هەڵــەی هەنــدێك لەموســوڵمانانەوە کەبـەناوی ئاینـەوە ئـەنجامی ئـەدەن، یـان بـەهۆی کارگەلێکـەوە کـە لەسـەر تێگەیشتن لەچەند دەقێکی ئاینی بنیات نراوە بەبێ تێگەیشتنی تـەواو، لـە کۆتایی سەدەی رابردوو چەمکی کاری خۆکوژی بەدەرکەوت، کە لەبنەرەتدا بیرۆکــەو نەخشــەو جێبــەجێکردنی لەناموســوڵمانەکانی وەکــو شــیوعی و راپـەرینی داگیرکـاری ولاتـەکانیان وەرگـیراوە، ئەگەرچـی لەگـەڵ ئەمانەشـدا ناموسوڵمان بون، بەڵام تائێستاش بە کـاری خۆکـوژی نـاوی دەبـەن، کاتێك کەبزوتنـەوە ئیسـلامیەکان لەفەلەسـتین کـۆپی ئـەم بابەتـەیان کـرد لـەرووی راگەیاندنەوە بەکاری ئیستیشـهادی نـاوبرا، پاشـان ئـەم کـارە سـەری کێشـا بۆچەند ولاتێکی عەرەبی و ئیسلامی لەگەڵ گەشتیارانی بیـانی، یـان لەگـەڵ ئـەو شـاندانەی کەناموسـوڵمان بـوون و بۆ کـارکردن هـاتون، تەنانـەت لەگـەڵ لـــەدژی ناموســـوڵمانەکانیش لەهاونیشـــتمانیانی ولاتـــانی خۆیـــان، بەدڵنیاییـەوە چـاودێرانی گروپـە ئیسـلامیەکان هـانی ئـەم لایەنـەیان داوەو پێـداگریان لەسـەر کـردوەو ئـەو ناوانـەی کـە لـە راگەیاندنەکانـەوە هـاتون بەبەڵگـەی شـەرعی بـەهێزی دەکـەن و پلـەی بـۆ بـەرزترین ئاسـت بـەرزتر ئەکەنـــەوەو چـــەندین لێکۆڵینـــەوەیان بڵاوکردۆتـــەوە و ناویـــان لێنـــاون

بەلێکۆلینـــەوەی فقهـــی ئەمـــەش بـــۆ بـــەهێزکردنی راوبۆچـــونەکانیان، کـــە کەسـانێك لەگـەنج و خـزم و دەوروبـەریان کردویانەتـە رێگـای رۆشـتن بـەرەو بەهەشــت، تەنانــەت ئــەو شــەوەی کــە بــۆ بەیانیەکــەی گــەنجێك خــۆی دەتەقانـدەوە بەشـەوی بـوك گواسـتنەوە هـەژماردەکراو بەگـەورەترین پلـەی شەهید بون ناوزەد دەکرا، شیخ قـەرزاوی دەڵێـت: (کـاری ئیسـتیشـهادی لـە گەورەترین جۆرەکانی جیهادە لەپیناوی خوادا).

دکتۆر نزار عبدالقادر رەیان سەرکردە لەبزوتنـەوەی حـەماس دەڵێـت: کـاری ئیستیشهادی لەبڵندترین جۆرەکـانی جیهـادە لـەم سـەردەمەدا لەبـەر ئـەوەی رێگاکانی جیهاد بەرتەسك بونەتەوە. هـەروەها د.یـەحیا ئیسـماعیل دەڵێـت: ئەوانـەی لەشـکۆی کـاری خۆکـوژی دێننـە خـوارەوە لـە خـاکی داگیرکـراو دەجال و هەڵخەڵـەتێنراون، پێویسـتە لەسـەریان بەخۆیانـدا بچـنەوە، چـونکە حەلاڵ روونەو حەرامیش دیارو روونە.

د.هومام کە یەکێکە لەسـەرکردەکانی إخـوان لـەئوردون دەڵێـت: (ئـەم کـاری ئیستیشهادیە بەیەکێك لەبەرزترین پلەکانی جیهادو شەهیدی ئەژمێردرێت، ئەوانــەی کەبــەم کــارە هەڵدەســتن ان شــاء اللــە پاداشــت وەردەگرنــەوە لەسەری).

هەر کەسێك ئەم کاری خۆکوژیەی ناونابێت بە ئیستیشهادی لە چاودێرانی سیاسی گروپە ئیسلامیەکانن، هەر لەم بارەوەش چەند لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەم بابەتە نوسراون کە ئەو رایانەی پێشتر باسمان کردن و جگە لەوانیش لەخۆدەگریت، د.نواف هایل تکروری دوو کتێبی بڵاوکردۆتەوە:

یەکەمیان:العملیات الاستشهادیة في المیزان الفقهي، کەلە پێگەی ئەلەکترۆنی بڵاوبۆتەوە.

دووەمیان: بەناوی فتاوی علماء الاسلام في مسائل جهادیة. هەروەها د. منیر جمعە کتێبێکی بەناوی {العملیات الاستشهادیة دراسة فقهیة}. د.سلمان فهد عوّدە وتارێکی لەژێر ناونیشانی:{العملیات الاستشهادیة في میزان الشرع}. د.محمد موسی شەریف وتارێکی لەژێر ناونیشانی:{ جهاد الاستشهادیین الاطهار، ومنزلته في الفقه والآثار}، هەر یەکێك لەم نوسەرانە بەڵگەی هێناوەتەوە بۆ بابەتەکەی خۆیو بەئاراستەی دەمارگیریو سۆزداری بابەتەکانیان بارگاوی کردوەو بەهۆشیەوە گەنجەکان کەوتونەتە داوی بۆچونەکانیانو بەهۆیانەوە خوێنی چەندین کەس رژێنرا.

# ئەو بەڵگانە باس دەکەین‌و

# پاشان یەك بەیەك وەلامیان دەدەینەوە:

١_فەرمودەی مێردمنداڵەکە دەکەنە بەڵگە کە پێشەوا مسلم لە صحیحەکەیدا هێناویەتی، کە هاوبەش دانەرەکە چەند جارێك هەوڵ ئەدات کە بێکوژێت، جاریك لەسەر شاخێکەوە هەڵی ئەداتە خوارەوە، جارێکی دیکە هەڵیئەداتە ناو دەریاوە، هەرجارێك کەوای لێدەکات کوڕەکە رزگاری دەبێت، کوڕەکە دەڵێت ئەتەوێ کە بمکوژیت؟؟ پاشاکە _کەداوای خوایەتی دەکرد _وتی : بەڵێ، ئەم کارانەم بۆیە کرد کە بتکوژم، مێرد منداڵەکە وتی: هەمو خەڵکی کۆ بکەرەوە پاشان لەتیرەندانەکەی خۆم تیرێك دەربێنەو بڵێ: بەناوی خوای ئەم مێردمنداڵە تیرەکەم تێبگرە، پاشان هاوبەش دانەرەکە وایکردو مێرد منداڵەکەی کوشت، خەڵکی گوتیان: خودا خودای میرد مندالەکەیەو بەرهەڵستی خودایەتی پادشاکەیان کرد.

بەو بەڵگانەی کەباسکران دەڵێن: لەشەریعەتی گەلانی پێش خۆماندا هاتوە کەمرۆڤ قوربانی بەخۆی بدات لەپێناو بەرژەوەندی ئاین، وەئیبن‌و تەیمیە تێبینیەکی لەسەر ئەم چیرۆکە وتوە کە: ئەو مێردمنداڵە فەرمانی بە کوشتنی نەفسی خۆی کردوە لە پێناو بەرژەوەندی ئایندا.

دەڵێن: لەبەرئەم هۆکارانەیە کەپێشەوایانی هەر چوار مەزهەب بەدروستیان زانیوە کە موسوڵمان خۆی بخاتە ناو ریزی بێ بڕواکانەوە ئەگەرچی گومانی زۆریشی هەبێت کە ئەوان دەیکوژن بەمەرجێك بەرژەوەندی موسوڵمانانی تێدابیت، وەدەڵێن یەکەم کاری ئیستیشهادی ئەو مێردمنداڵەی سورەتی البروج بوە.

وەڵامی ئەم بەڵگەیە: مێردمنداڵەکە لەبەرامبەر کافردا ئەو کارەی کردو دڵنیابو بەو کارەی کە شەهیدکردنی خۆی بوو گەلەکەی باوەڕ دەهێنن هەرواش دەرچوو، بەلام کردەوەی خۆکوژی چەندین گرفتو ئاریشەی بەسەر ئیسلامدا هێناوە چ لەناوەوەی وڵاتی موسوڵمانان و چ لەدەرەوە، وایکردوە خەڵکی لەهاتنە ناو ئیسلام سڵ بکەنەوەو ئیسلام بەئاینی ئیرهابو تۆقاندن ناوزەد بکەن، ئەوەی خۆی لەناوکافراندا دەتەقێنیتەوە خۆیو سەد کەس دەکوژیت، پاشان چی روودەدات ئایا ئەو کەسانەی کە دژایەتی ئیسلام دەکەن دەست لەهێرش کردنە سەر ئیسلام هەڵدەگرن؟ یان دەبێتە هۆی موسوڵمان بونی خەڵکی هەروەك بەهۆی مێردمنداڵەکەوە روویدا، یان دەبێتە هۆی کوژرانی هەزارەها کەس لەمەسوڵمانان و بەکۆیلەکردنی ئافرەتەکانیان و وێرانکردنی وڵاتەکانیان، خۆ رووداوەکانی ئەفغانستان لێمانەوە دوورنین لەپاش تەقاندنەوەی هەردوو تاوەری بازرگانی لەئەمریکا، هەر لەوساتەوە موسوڵمانانی ئەمریکاو ئەورووپا سزاو

نارەحـەتیان چەشـت سـەرەرای ناشـیرینکردنی وێنـەی ئیسـلام لەبەرچـاوی ناموسوڵمانەکانەوە، کەواتە هەموو ئەو رووداوانەی کە لە دەرەنجامی کاری خۆکوژیـەوە دروسـتە بێـت کـە مـن نـاڵێم کـاری ئیسـتیشـهادی دژی ئیسـلامە نـەك لەبەربڵندبونـەوەی نـاوی خـوای گـەورە، بـەڵام مێردمنداڵەکـە لـەپاش شـەهیدبونی ئوممـەتێك موسـوڵمان بـوو، وەلەبەرچـاوگرتنی دەرەنجامـەکان پێویستە رەچاو بکرێت.

٢_دەقێکی گشتیان تایبەت کردوە کەخوای گـەورە دەفـەرموێت : ((**ولاتقتلـوا أنفســـكم)) النســـاء /٢٩**، وەدەفــەرمویت: **((ولاتلقـــوا بأيـــديكم إلى التهلكة**))البقرە/١٩٥، لەگەڵ ئەمانەشدا پشتیان بەستوە بەو فەرمودەیەی کـە لە (البراء )ەوە گێردراوەتەوە کە پیاوێك پێی دەڵێت:باوکی عمـارە، کـەخوای گەورە دەفەرمویت: {ولاتلقوا} مەبەسـت پێـی ئـەو کەسـەیە کەجـەنگ لەگـەڵ دوژمندا دەکات هەتا دەکوژرێت؟؟ فەرمووی: نەخێر، مەبەست ئەو کەسـەیە کەتاوان دەکات و دەڵێت: خوا لێم نابورێت.

وەلام بۆ ئـەم رایـە: ئـەم ئایەتـە بەڵگـەی تێـدا نیـە بـۆ ئـەو بۆچـونەی ئـەوان، تەنانەت رای هاوەلانیش نابێتە تایبەت کار بۆ گشتگیری ئایەتەکە، هەروەك چـۆن ناکرێـت مەبەسـت بەئایەتەکـە تێکۆشـەرێك بێـت لـەرێگا لـەژێر ئاڵـای ئیسـلام بەفـەرمانی وەلی ئـەمر، ئەمـەش بەبەڵگـەی ئـەوەی کـە ابـن عبـاس تـەئویلی وشـەی (التهلکـە)ی کـردوە بـە (خۆگرتنـەوە لـەخێرکردن لەگـەڵ

ئـەوەی کـە توانـای کردنیشـی هەیـە)، هـەموویان لەشـێوەکانی تەهلوکـەو تیاچونن، ابن جریـر جوانی وتـوە کـە(خوای گـەورە باسـی کـردوەو مۆڵـەتی خۆ کوشتنی بەهیچ کەسێك نەداوە).

٣_ئەوفـەرمودەیان کردۆتـە بەڵگـە کـە پێغەمبـەر _صـلی اللهعلیـە وسـلم_ رێگـای عـەوفی کـوری عـەفرائ‌و عومـەیری کـوڕی حـەمامو ئەنەسـی کـوڕی نەزری دا کە خۆ بکەنە ناو دوژمن لەجەنگی بەدردا!!!

وەڵام بۆ ئەم بە بەڵگەکردنەیان: ئـەو کـارە لـەژێر ئاڵـای ئیسـلام‌و بەفـەرمانی وەلی ئەمری موسوڵمانان بوە کەپێغەمبەری ئیسلامەوە بوە _صلی الله علیـە وسلم_ ئیتر قیاس لێرەدا ناکرێت.

٤_بەڵگـەیان هێناوەتـەوە لەسـەر دروسـتی کوشـتنی کـافری جـەنگی بـەو فەرمودەیـــەی کەلـــە هـــەردوو صـــحیحەکەدا جـــێگیر بـــوە کەپێغەمبـــەری خودا_صلی الله علیە وسلم_ فەرمانیدا بەکوشتنی کەعبی  کوڕی ئەشرەف لەبـەر ئـەوەی بەشـیعرەکانی جنێـوی بـە پێغەمبـەری خـوا دەوت‌و شـیعری غەزەلی بەسەر ئافرەتی موسوڵماناندا دەوت.

وەلامـی ئـــەم بەڵگەیـــە: ئـــەم کـــارە بەفـــەرمانی وەلی ئـــەمری موســـوڵمانان ئەنجامدراوەو ئەو خاوەن دەسەلات بوە، نـەوەك خۆبـەخشـی بوبێـت لەلایـەن هاوەڵانەوە.

٥_بەڵگە دەهێننەوە لەسەر دروستی کوشتنی هاولاتی سڤیل، بەوەی کەلە صحیحی موسلیم داهاتوە پرسیار لەپێغەمبەری خودا کرا ئەگەر ئەسپێك بەشەو رۆشتە سەر گەلێك و لەمنداڵێکی بێباوەرانی دا؟ پێغەمبەر_صلی اللەعلیە وسلم_فەرموی: ئەوانیش لەباوانیانن.

وەڵامی ئەم بەبەڵگە هینانەوەیە: زانایان ئەم فەرمودەیان بەو شیوەیە ئاراستە کردوە کەئەم بابەتە لە شەریکدا بوە کەبە فەرمانی فەرماندەی موسوڵمانان کرابێت، ئەمەش کاتێك دروستە کە ئەومنداڵە بێبروایانە بکرێنە قەلغانی خۆیان، یان بۆیان جیانەکرێنەوە لەگەڵ شەرکەری بێبرواکاندا، وەکاتێك بەفەرماندەیی پێغەمبەری خۆشەویست مەککە ئازاد کرا فەرمانی پێکردن کە کەس نەکوژن، خوای گەورە دەفەرمویت: ((**وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنْكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُمْ بِبَطْنِ مَكَّةَ مِنْ بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا (٢٤) هُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَالْهَدْيَ مَعْكُوفًا أَنْ يَبْلُغَ مَحِلَّهُ وَلَوْلَا رِجَالٌ مُؤْمِنُونَ وَنِسَاءٌ مُؤْمِنَاتٌ لَمْ تَعْلَمُوهُمْ أَنْ تَطَئُوهُمْ فَتُصِيبَكُمْ مِنْهُمْ مَعَرَّةٌ بِغَيْرِ عِلْمٍ لِيُدْخِلَ اللَّهُ فِي رَحْمَتِهِ مَنْ يَشَاءُ لَوْ تَزَيَّلُوا لَعَذَّبْنَا الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا**)) الفتح/٢٥

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە تاوانی بێبرواکانی روونکردەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کوشتنی قەدەغەکردن لەترسی ئەوەی کەموسوڵمانەکان پێوەبن لەبەر جیانەکردنەوە لێیان، وە کوشتنیانی بەمایەی دڵتەنگی هەژمار کردو

هەرەشـەی لـە کافرەکـان کـردو فـەرموی: {لـو تزیّلـوا} واتـە: ئەگـەر جیـا بکرانایەتەوە.

لەگەل ئەوەشدا پیشەوا (ابن عبدالبر) لە کتێبی(الاستذکار) دا لە ابن عمرەوە گێراویەتیـەوە کەپێغەمبـەری خـودا_صـلی اللـه علیـه وسـلم_لەجەنگێکـدا ئافرەتێکی کوژراوی بینیو رەتـی کـردەوەو رێگـری لەکوشـتنی ژن‌و منـداڵ کرد.

هەروەها ئامۆژگاری حەزرەتی ئەبوبەکر _رەزای خوای لێ بێت_بۆ پیشەوای سوپاکەی خالدی کوری وەلید کە دەفەرموێت: ( مـن ئامۆژگاریـت ئەکـەم کـە ژن‌و منـداڵ و پـیری پەککەوتـە نـەکوژێت، دارو بـەروبوم نەبریتـەوەو، هـیچ مـەرو وشـترێك سـەر نـەبرێت تـەنها بـۆ خـواردن نـەبێت، دارخورمـاش نەسوتێنیت.

٦_هـەروەها بەڵگـەیان هێناوەتـەوە بـەکردەوەی هـاوەڵی بـەرێز (ابـو بصـیر)، وەلام بۆ ئەوەش: ئەوەیـە کـە ئـەم بەڵگـە هێنانەوەیـە لەجێگـەی خۆیـدا نیـە، چونکە(ابوبصـیر) لـە سـەر رێگـەی بازرگـانی کافرەکـان دانیشـت‌و خۆیشـی نەکوشت.

٧_بەڵگەیان هێناوەتەوە بەفەرمودەکەی (البراء )لەجەنگ دژی (بنی حنیفە) (مسیلمە) کاتێك داوای لەهاورێکانی کرد کەهەڵیبگرن و فرێی بدەنە ناو شوراکەوە بۆ ئەوەی دەرگاکەیان بۆ بکاتەوە.

وەلامیش بۆیان ئەوەیە کە ئەمە جەنگێك بووە لەژێر ئاڵای ئیسلامدا بوەو بەفەرمانی کار بەدەستی موسوڵمانان بوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەش (البراء ) گریمانەی رزگاربونی هەبوو، ئەگەر بەرێژەیەکی کەمیش بیت، بەلام ئەو کەسەی کە پشتوێنی خۆتەقاندنەوەی بەستوە مردنی چاوەروانکراوە کەبریتیە لە خۆ خستنە ناو تەهلوکەو لەناوچون .

٨_بەڵگە هینانەوەیان بەو فەرمودەیەی کە دەفەرمویت:(**أخرجوا المشركين من جزيرة العرب**)واتە: کافرەکان لەنیوە دوورگەی عەرەب دەربکەن. لەسەر دروستیتی خەڵکی سڤیل و ناولێنانی خۆکوژی بە کاری ئیستیشهادی.

وەلامی ئەم بەڵگەیە: ئەو کەسەی کەداوای جێبەجێکردنی ئەم کارەی لێکراوە کاربەدەستی موسوڵمانانە، دووەم: شتێکی شاراوە نیە کە مەبەست لێی دەرکردنیانە لەحالێکدا کە بیکەنە شوێنی نیشتەجێ بونی خۆیان، واتە:مانەوەی یەکجاری، نەوەك دەرکردنی ئەوکەسانە بیت کە بۆ گەشت یان بۆ کارکردن بێت، ئەگەرچی ماوەی چەند ساڵێکیش بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم کردەوانە نارۆنە چوارچێوەی شەهیدبونەوە، چونکە

شـەهیدبون لـەپێناوی خـوادا بریتیەلـە بـەختکردنی روح کـە گـەورەترین سـەرمایەی مرۆڤـە لـەپێناو پاراسـتنی یـەکێك لـە پێویسـتیە سـەرەکیەکانی ژیانی مرۆڤ کەبەبێ بونیان ژیان بەردەوام نابێت، ئەوانیش (نەفس و عەقل و دین و ناموس و ماڵ) ئەم جۆرە کەسانە بەشەهید هەژمار ناکرێت چونکە لـەجۆرەکانی شـەهید بـەدەرن کـەزانایان کۆدەنگیـان هەیـە لەسـەری، کەئەوانیش:

أ_شـەهیدی دونیـاو دوارۆژ: ئـەو کەسـەیە کـە لـە پێنـاوی خـوا دا جـەنگاوە هەتا وەکو کوژراوەو بەفەرمانی کار بەدەستی موسوڵمانان جەنگی کردوەو نیەتیشی پاك بوەو لەسەری کوژراوە.

ب_ شەهیدی دونیا: ئەو کەسەیە کە لەپێناوی خوادا جەنگاوەو کوژراوە و جەنگەکەشـی بەفـەرمانی کاربەدەسـتی موسـوڵمانان بوە، بـەلام نیـەتی پـاك نەبوە بەڵکو بۆ روپامایی و پێشچاوی خەڵك بوە.

ج_ شەهیدی دوارۆژ: ئەو کەسەیە کە بە نەخۆشی تاعون یان بەسوتان یان بەخنکان یان بەنەخۆشی سك ئیشـە، یـان بـەئافرەتێك کەلەسـەر دووگیـانی بروات، هەروەك چۆن لەفەرمودەیەکدا کە پێشەوا(مسلم)لە (صـحیح)ە کەیـدا بە(سند)ی خۆی لە (ابوهریرە)ەوە گێراویەتیەوە کەپێغەمبەری خوا _ صلی الله علیه وسلم_ فەرمویـەتی: بـەبروای ئێـوە شـەهید کـی یـە؟؟ وتیـان: ئـەی

پێغەمبەری خوا _صلی اللەعلیە وسلم_هەرکەسێك لەپێناوی خوادا بکوژرێت شەهیدە، فەرموی: کەوابێت شەهید لەئوممەتەکەمدا کەمە، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا کێ شەهیدە؟؟؟ پێغەمبەر _صلی اللەعلیە وسلم_ هەر کەسێك لەپێناوی خوادا بکوژرێت شەهیدە، وەهەرکەسێك لەپێناوی خوادا بمریت شەهیدە، وەهەر کەسێك بەتاعون بمرێت شەهیدە، وەهەر کەسێك بەنەخۆشی هەناو بمرێت شەهیدەو کەسی خنکاویش شەهیدە)

جیهادو تێکۆشان لەپێناوی خوادا لەکردەوە هەرە گەورەکانە، بەڵکو چڵەپۆپەی ئیسلامە و لەگرنگترین نزیککەرەوەکانە لەخوا، جا هەر لەبەر ئەوەیە کەدەقەکانی قورئانو سوننەت هانمان ئەدەن بۆجیهادو تێکۆشان، لەو فەرمودانە: ئەو فەرمودەی کەپێشەوا (بخاری) لە صحیحەکەیدا هێناویەتی کەدەفەرموێت: ((**من اغبرت قدماة في سبيل اللة حرمة الله على النار**)) واتە: هەر کەسێك قاچەکانی خۆڵاویی بێت لەپێناوی خوادا، خوای گەورە ئاگری دۆزەخی لی قەدەغە دەکات.

هەروەها گێراویەتیەوە کە ((**إن الجنة تحت ظلال السيوف**))واتە: بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێر دایە.

وە لەهەردوو صحیحەکەدا هاتوە کە ((**رباط يوم في سبيل الله خير من الدنيا ومافيها، وموضع سوط احدكم من الجنة خير من الدنيا وما فيها، والروحة يروحها العبد أو الغدوة خير من الدنيا وما فيها**)).

واتە: یەك رۆژ پاسەوانیکردن لەبەرخودا باشترە لەدونیاو لەوەش کەتیایەتی، وەشوێنی قامچیەکی ئێوە باشترە لەدونیاو لەوەش کەتێیدایە، دەرچونێك کەبەیانیان برۆیت بۆ جیهاد، یان دەرچونێك کەلەئێوارانـدا برۆیت باشترە لەدونیاو لەوەش کەتێیدایە) وەئایەتو فەرمودەی زۆرتریش لەم بارەوە هاتوە.

# جیهادیش لای زانایانی شەرع دوو جۆرە

یەکەمیان: جیهادی داواکراو، ئەمە لەکاتێکدایە کە کار بەدەستی موسوڵمانان بەهەر هۆکارێکی سیاسی سەردەمیانە جیهادی راگەیاند بۆ پشتگیری کردن لەئیسلام‌و لەژێر ئاڵاکەیدا.

لەپاش ئەوەی کەجیهاد فەرز کرا لەهیچ یەکێك لەهاوەڵانەوە کەباشترین جیلن کەمرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیبێتی نەگێردراوەتەوە کەرۆشتبێتن بۆ جەنگ لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی بێ باوەر، تەنها لەژێر ئالایەك‌و کاربەدەستێکی موسوڵماندا نەبێت کەتوانای جیهادی هەبێت.

دووەم: جیهادی بەرهەڵستی کردن: ئەمەش لەکاتێکدایە کە بێباوەران هەڵکوتنە سەر وڵاتێك، ئەو کاتە واجبە لەسەر خەڵکی ئەو ولاتە بەفەرمانی کار بەدەستی موسوڵمانان و لەژێر ئاڵای ئیسلامدا لەگەڵیان بجەنگن.

ئەوەی کەخستمانە روو کۆدەنگی زانایانی لەسەرەو روون بویەوە کە کوژراوی کردە خۆکوژیەکان لەژێر ناونیشانی هیچ جۆرێك لەجۆرەکانی جیهاد جێگای نابێتەوە.

# کین ئەوانەی واجبە لەگۆرەپانی جەنگدا بکوژرێن؟

کوشتنی ئافرەتو پیرو منداڵ دروست نیە، بەڵکە تەنها جەنگ لەگەڵ ئەو کەسەدا دەکرێت کە چەکی لەدژی موسوڵمانان هەڵگرتوە کە زۆر بەروونی لەئایەتەکەدا دیارە کەخوای گەورە دەفەرمویت: ((**وقتلوا في سبيل الله الذين يقاتلونكم ولاتعتدوا إن الله لايحب المعتدين**))البقره /١٩٠

وەدەقەکانی قورئانو سوننەت جەخت لەسەر حەرامیەتی کوشتنی ئەو ناموسوڵمانانە کردۆتەوە کەپەیمانی پاراستنیان پێدراوە لەخاکی ئیسلامدا، وەجەختی لەسەر پاراستنی بەڵێن کردۆتەوە، ئیسلام فەرمانی پاراستنو بردنە سەری بەڵێنمان لێدەکات، وەك دەفەرموێت: ((**ياأيها الذين امنوا أوفوا بالعقود**))الانفال/١ ،یان دەفەرمویت: ((**وأوفوا بالعهد إن العهد كان مسئولا**))الاسراء /٣٤

ئیسلام ناپاکیو خیانەتی حەرام کردوە، بۆیە هەرکەسێك بەڵێنی پاراستنی پێدرابو کوشتنی حەرامە، وە ئەو گەشتیارە ناموسوڵمانانەی کەدێنە ناو ولاتی موسوڵمانانەوە بەڵێنی پاراستنیان پێدراوە، پێشەوا قورتوبی باسی لەوە کردوە کەهیچ جیاوازیەك نیە لەنیوان زانایاندا لەسەر دروستێتی پەیماندانی پاراستن بەناموسوڵمان لەلایەن سەرکردەی موسوڵمانانەوە، هەر وەك رێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانی لەچواچێوەتازەکەیدا چەند پەیمان

نامەیەك مۆر دەكات كەپێویستە بپارێزرێت، ئەمە لەگەڵ ناموسوڵمانەكاندا، جا ئیتر چۆن هەندێ كۆمەڵێ لەسەر ئیسلام ژمێردراو خوێنی موسوڵمانان حەلاڵ دەكەن.

لەفەرمودەی صحیح دا هاتوە كاتێك موسیلەمە نامە دەنێرێتە خزمەتی پێغەمبەر _صلی الله علیە وسلم_و بۆی دەخوێندرێتەوە بەدوونێردراوەكەی مسیلمە دەفەرموێت: ئێوەچی دەڵێن؟ وتیان:ئێمەش هەمان قسەی ئەو دەكەین.

پێغەمبەر_صلی الله علیە وسلم_فەرموی ((سوێند بەخوا ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە كەنێردراو ناكوژرێت لەگەردنم ئەدان)).

وەكاتێك أم هانێ كچی ابی تالیب پیاوێكی لەرۆژی ئازادكردنی مەككەدا پەناداو هاتە خزمەتی پێغەمبەرو عەرزی كرد، ئەویش فەرموی: ئەوەی تۆ پەنای بدەیت ئێمەش پەنای ئەدەین و دلنیایی ئەدەین بەو كەسەی كە تۆ دلنیایی پێ ئەدەیت.

هەروەك بەپێی شەرع خۆكوشتن حەرامە و چەندین فەرمودەی لەسەرە، هەروەك خوای گەورە دەفەرمویت: ((**ولاتقتلوا انفسكم إن الله كان بكم رحيما**))النساء/٢٩. یان دەفەرمویت : ((**ولاتلقوا بأیدیكم غلی التهلكة**))البقره /١٩٥.

لەفەرمودەی صحیحی حەجی مالئاواییدا هاتوە _ واتە دوای ئەوەی کە دین تەواو کامل بو_ کەپێغەمبەر _صلى الله عليه وسلم_ دەفەرموێت((**إن دماءكم وأموالكم وأعراضكم حرام عليكم كحرمة يومكم هذا في عامكم هذا في شهركم هذا في بلدكم هذا** ))

واتە:بەراستی خوێن و سامانو ناموستان لەیەکتر حەرامە وەك حەرامی ئەمرۆژەتان لەم ساڵەتانداو لەم مانگەتانداو لەم ولاتەتاندا).

وەلەفەرمودەیەکی دیکەدا هاتوە: ((**من قتل نفسة بشيء عذب به**))، واتە: هەر کەسیك بەشتێك خۆی بکوژێت لەرۆژی دواییدا بەوە سزا دەدریت.

وەدەقی زۆر هاتوە لەسەر حەرامیەتی کوشتنی موسوڵمان بەلام ئەوان کوشتنیان حەلال دەکەنو بایەخیش نادەن بەوەی کە خوای گەورە دەفەرمویت: ((**ومن يقتل مؤمنا متعمدا فجزاءه جهنم خالدا فيها وغضب الله علية ولعنه وأعدّله عذابا عظيما**)) النساء/٩٣

وەلەفەرمودەی صحیحدا هاتوە کە ((**من قتل مؤمنا فاغتبط بقتلة لم يقبل الله منة صرفا ولاعدلا**)).

واتە: هەر کەسێك موسوڵمانێك بکوژیتو پێی خۆشبێت، خوای گەورە فەرزو سوننەتی لێوەرناگرێت ، وەلەفەرمودەیەکی تردا هاتوە:((**لايزال**

**المؤمن في فسحة من دينه مالم يصب دما))** ، واتە:بەردەوام موسوڵمان لە فراوانی ئاینەکەی دایە هەتا خوێنی حەرام نەرێژێت.

هەموو ئەوانەی کەباسمان کرد بۆت روون دەکاتەوە کە هەڵەیەکی گەورەیە کاری خۆکوژی بە ئیستیشهادی ناوببریت.

## گوتاری لادەرو بیّ ناوەرۆك: پیچەوانەی گوتـاری یەكەمـە، ئەمـەش لەدوو شیوەدا خۆی ئەبینێتەوە:

أ_ لادانی دەق لەتێگەیشتنە راستو دروستەکەی خزمەت بەهەواو ئارەزوو دەکـات، هـەر لەسـەرەتای مێـژووەوە بینیومانـە کەسـانێك دەقـەکانیان بـۆ ئارەزوی خۆیان لەرێچکە و مانا دروستەکەی خۆی لاداوە، لـەکتێبی (جامع البیـان وفضـله) دا هـاتوە: "تیاچـونی ئوممـەت بـەهۆی گەلێکـەوە بـوە کـە قورئانیان لەرێچکەو واتا دروستەکەی خۆی لاداوە".

لەگێرانەوەدا هاتوە کە عمری کوڕی خـەتاب رۆژێك بەتـەنها بیری کـردەوە و پرسـیاری کـرد: چـۆن ئوممـەتێك پێغەمبـەرو رووگـەی یـەك بێـت و نـاکۆك ئەبیت !!!

ئیبن عەباس وتی: ئەی ئەمیری برواداران ئێمە قورئانمان بۆ هاتە خوارەوەو خوێندمانەوە، نازانن لەچ شتێکدا هاتۆتە خـوارەوە تـا رایـان تێیـدا هـەبێت، جا ئەگەر رایان تێیدا هەبوو ناکۆکە بن، کەناکۆکیش بون یـەکتری دەکـوژن، پاشـان حـەزرەتی عمـر تـەمبێی کـردو ئـیبن عەباسـیش لێـی تـۆراو بـەجێی هیشـت، پاشـان حـەزرەتی عمـر بـیری لەوەلامەکـەی ئـیبن عبـاس کـردەوەو تێگەیشتو ناردی بەدوایداو فەرموی: ئەوەی کە وتـت دوبـارەی بکـەرەوە، ئـیبن عەباسـیش دووبـارەی کـردەوەو، پێشـەوا عمـر بەسەرسـورمانەوە لەمەبەستەکەی تێگەیشت.الموافقات/٣/٢٠٢

پێشەوا شاطیبی لەگێرانەوەی ئیبن وەهەب لەبەکیرەوە پرسیاری لەنافع کرد: (رای ئیبن عمر لەسەر حەروریەکان چۆنە؟_ گروپێك بون لەخەوارجەکان_ لەوەلامدا وتی: بەخراپترین دروستکراوی خودای ئەزانین، ئەوان ئەهاتن ئەو ئایەتانەی کە لەسەر کافرەکان هاتبوە خوارەوە ئەیاندا بەسەر موسوڵمانەکاندا) فتح الباری/١٢/٢٨٦، الموافقات:٣/٢٠٢

هەندێك لەگرۆپە بیدعەکارەکانی وەك شیعەو موعتەزیلەو هاو وێنەکانیان راڤەی دەقەکان بەشیوەیەك دەکەن کەهاوتەریب بێت لەگەڵ رێچکەو رێبازەکەی خۆیاندا، هەندێك لەواتای ئایەتەکان لەسەر مانا دروستەکەی خۆی لائەدەن، تەنانەت هەندێ تەفسیری بێ بنەماو گومراکار بەدەرکەوتن، وەکو تەفسیری باطنیەکان و رەوافیزو بێباوەرەکان، لەوێنەی ئەو راڤانەی کەتەفسیری ئەم ئایەتەیان پێکردوە :{**وورث سليمان داود**} النمل/١٦ ، باسیان لەوە کردوە کە پێشەوا عەلی بۆتە میراتگری زانستی پێغەمبەر، کەعبەش پێغەمبەرەو دەرگاکەشی عەلیە، هەروەك راڤەی ئایەتی:{**مرج البحرين يلتقيان**} الرحمن/١٩ بە عەلیو فاتیمە کردو و مەبەست بە {**اللؤ لؤ والمرجان**} لە کەلامی خوا {**يخرج منهما اللوء لوء والمرجان**} بە حەسەنو حوسەین کردوە، یان رایان لەسەر ئایەتی:{ **إن الله يأمركم ان تذبحوا بقرة**} بە عایشە کردوە، یان لەئایەتی {**تبت يدا أبي لهب وتب**} بە ئەبوبەکرو عومەر

کردوە، هەروەك لەراڤەی {**لئن أشركت ليحبطن عملك**} الزمر /٦٥ دا دەڵێن: لەنێوانی ئەبوبەکرو عومەرو عەلی لەخیلافەدا.

ب_جلەوبەردانی ئاوەز_عەقل_بەبێ هیچ سانسۆرو دانانی دەسەڵاتێك بەسەریەوە، ئەمەش بەمەبەستی پیرۆزکردنی عەقڵ لەبەرانبەر سرینەوەی پیرۆزی دەق، لەنمونەی ئەمەش لەم سەردەمەی خۆماندا ئەوەیە کەدەڵێن بەمێژوویی مرۆڤ کردنی قورئان، بەمەبەستی دوورخستنەوەی پیرۆزی لێی بەچاولێگەری رۆژئاوا کەچۆن ئەوان لەبەرانبەر کتێبی پیرۆز کردیان، دەرکەوتنی تەئویلی نوێ بۆ دەقی قورئانی لە ئەوپەڕی مەترسیدایە، ئەوانەی کەپڕکێشی دەکەنە سەر دەقە شەرعیەکانە لەتێگەیشتندا تێکەڵ و پێکەڵی دەکەن، لەرادەربرینیشدا چەواشەکاری دەکەن، ئەبێ رات چی بێت دەربارەی کەسێك کە ووشەی پیرۆزی {اجتنبوە} لەئایەتی پیرۆزی: { **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** }المائدە /٩٠ بە (بیخەنە لاتەنیشتانەوە) واتا کردوە.

لەسەر ئەم لێکدانەوە پوچە خەمرو قومار حەرام نیە!!! لەبەرئەوەی مانای {اجتنبوە } لای ئەو بەواتای: (بیخەرە لاتەنیشتەوە ) دیت، ئەمە گەورەترین پڕکێشیە. یان وەك ئەو کەسەی کە گاڵتە بەزانایان دەکات لەبەر ئەوەی کارەکانی حەجیان لەرۆژانی ژی الحجە داقەتیس کردوە،

وادەبینیتەوە کەحەج دابەش بکرێت بەسەر ( اشهر ) دا، بەقەناعەتی خۆی مەبەستی قورئانیش بەو جۆرەیە لەئایەتی پیرۆزی: {**الحج أشهر معلومات**} البقره/ ١٩٧، یان وەك ئەوکەسەی کە راڤەی ئایەتی { **وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ** }النور /٣١

وشەی (**ظهر منها**)ی بە وەلێکداوەتەوە کەمەبەست بە( زینە ) دووجۆرە، ئەوەی بە دروستکردن دەردەکەوێت، ئەوەش کەبە دروستکردن بەدەرناکەوێت، ئەوەی لەجەستەی ئافرەت بەدروستکردن دەردەکەویت: سەر،سك،پشت، هەردووقاچ، هەردوو دەست، هیچ یەکێك لەمانە بەعەورەت هەژمار ناکریت، مەبەست ئاشکرانەکردنی زینەی نائاشکرایە بەدروستکردن، ئەوەش بە (الجیب)(جیوبهن) راڤە کراوەتەوە، (جیب)لای ئەو بریتیە لە لەدوو چین لەگەڵ بونی جیاوازیەك، لەگەڵ ئەمەشدا مەبەستی ئەو لە عەورەت لەنێوان هەردوو مەمکی ئافرەتو بن بالو دامێنو رانەکانیدایە، جگە لەمانە عەورە نیە، کەواتە بەم تێروانینە بێت ئافرەت ئەتوانێت بەتەواوی خۆی رووت بکاتەوە لەبەردەم هاوسەرو کوڕو براو خوشكو منداڵەکانیدا، جگە لەمانەش چەندین رای پڕو پوچ کەوا دەزانێت خوێندنەوەیەکی هاوچەرخە بۆ ئیسلام، بەلام لەراستیدا تەنها جەهلو نەزانینە بەزمانی عەرەبی و لەدەستدانی کەمترین مەرجەکانی تێگەیشتنە لەزمانی عەرەبی، گرنترین چوارچێوە پشت نەبەستنە بەتەنها یەك دەق

لەبڕیارڕانداو وەلانانی دەقەکانی دیکە کە لەو بابەتەدا هاتون، ئەمەش ئەو بابەتەیە کەرۆژهەلاتناسان و پرکێشیکارانی ناوخۆمان تێیکەوتون، ئەم کەسانە پێنوسەکانیان خستوەتە گەر لەتەنها یەك دەقداو بەخۆگرتنەوە لەدەقەکانی دیکە، لەسەر ئەم پرکێشیەیان چەندین راوبۆچونیان هەڵچنیوە، واشیان گەیاندوە کەئەمە ئیسلامە، وەکو ئەو راڤەیان کەدەڵێن ئیسلام بەشمشێر بڵاو بۆتەوە، پشت بەستو بەچەند دەقێکی قورئانی کەوای لێتێگەیشتون بەوەلانانی ئەو ناوەرۆکەی کەبۆی دیاریکراوە، ئەگەر_لەسەر رای ئەوان _ بڵاوبونەوەی ئیسلام بەو شێوەبوایە کەئەوان دەڵێن، ئەوە ئەبێ ئەمرۆ ئیسلام چ شمشێرێکی هەبێت هەتا بەو شێوە خێرایەی ئەمرۆ لەناو جەرگەی ئەوروپاو ئەمریکا بلاوبۆتەوە، بەڵکو لەهەناوی زانایانو رۆشنبیراندا بڵاوبۆتەوە، موسوڵمانان لەئەمریکا لەسالی ١٩٧٠ نەگەیشتبونە ملیۆنێك، بەڵام ئەمرۆ زیاترن لە ٢٠ملیۆن، ئەم حاڵەتەش بۆ فەرەنسای بوکی ئەوروپاو بریتانیاو ئەلمانیاو شوێنەکانی دیکە راستە، موسوڵمانان تیایدا گەشتونەتە ملیۆنەها کەس، موسوڵمانان لە لاوازترین و خراپترین حاڵدان.

٢_ گوتاری هاوسەنگ و میانرەو، گوتاری کۆکەرەوەیە لەنێوان عەقڵ و نەقڵدا:

نوێکردنەوەی گوتاری ئاینی بەواتای نوێکردنەوەی ئاین نیە، چونکە ئەوەی یەکلابۆتەوە گونجانی ئیسلامە بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك، بەلام ئەوە هەیە_هەروەك زانایان بریاریانداوە _ کە دەقەکان دیاریکراون و رووداوەکانیش دیاریکراو نیین، دەقەکانیش لەسەر دیاریکراویان لەبەر پێشهاتەکانی سەردەمو جیاوازی شوێن بەرفراوان دەبن، هەر بۆیە زانایان بڕیاریان داوە کە موفتی ولاتێك فتوا بۆ ولاتێکی دیکەنەدات ئەمەش لەبەر جیاوازی شوێن، بەڵکو نویچگەری لەگوتار دایە لەبەر ئەوە دارشتنەوەی ناونیشانەکە پێویستە، چونکە مەبەست بە گوتار دەق نیە لەم سیاقەدایە، بەڵکو مەبەست پێی وەسفە، واتە وەسفی هەردوو جەمسەری گوتارو پەیامەکەش لەنێوانیاندایە، پەیامەکەش چەقی ناوەندە لەگوتارەکەدا (قسە لەگەڵ کراو،پەیام، قسەکار) زیادکردن لەناونیشانی بابەتەکە تەنها زیادکردنی تایبەتمەندکردن و جیاکردنەوەیە، چونکە جۆرەکانی گوتار زۆرە:

گوتاری رەخنەیی، گوتاری رامیاری، دارشتنەوەی ناونیشان لەسەر ئەم شێوەیە دەرگای ترس لەسەر گروپە داخراوەکان دادەخات، هەندێکیان جیاوازی ناکەن لەنێوان نوێکردنەوەی گوتاری ئاینی و لادانی دەقەکان

لەسەر ماناو مەبەستە راستەقینەکەی، هەروەك چۆن جیاوازی ناکەن لەنێوان ئەوەی کە شەرع لە سەر ئێمەی واجب کردوە لەگەڵ ئەوەی کە هەڵگری ئەمانەتی راگەیاندنە لە گونجاندنی گوتار بۆ کەسی بەرانبەر بەو شێوەی کەلە بوخاریدا هاتوەو لەسەر پێشەوا عەلی وەستاوە _موقوف_ کەدەفەرموێت: {بەو شیوە لەگەڵ خەڵکیدا قسە بکەن کە دەیزانن، ئایا حەزدەکەن کە خواو پێغەمبەری خوا بەدرۆ بخریتەوە}، وەلە صحیحی مسلم دا هاتوە لە ئیبن مسعودەوە دەفەرموێت: {ئەگەر بەشێوەیەك قسە لەگەڵ هەر گەلێك بکەیت و عەقڵیان نەیبرێت ئەوا بۆ هەندێکیان دەبێتە ئاژاوە}.

ئەم گوتارە کۆکەرەوەی نێوان عەقڵ و نەقڵە، ئەو گوتارەیە کە میانڕەوی ئیسلام دەدرەوشێنێتەوە، وەهەر کاتێك ئەم گوتارە باڵی کێشا بەسەر ئوممەتدا ئەوا بەر لە خوێن ڕشتن دەگرێت و کۆتایی بەشەڕ دەهێنێت، هەر بۆیە پێویستە ولاتان پشتگیری ئەم جۆرە لە گوتار بکات.

جارێك یەکێك لەکەسە راجیاوازەکان پرسیارێکی لێکردم و وتی: ئایا قورئان کەلامی خواو سوننەتیش وتەی پێغەمبەر نیە؟؟ وتم: بەڵێ، وتی: لەدوای ئەم دوو کەلامە کەلامێکی دیکە هەیە؟ وتم: نەخێر، وتی: ئایا عەقڵ لەنێوان هەردوکیاندا دەستێکی هەیە؟ وتم: بەڵکو عەقڵ دەستێکی باڵای هەیە، چونکە عەقڵ ئامرازی لێتێگەیشتنیانە، پاشان دوو نمونەم بۆ

هێنایەوە، پێم وت: خوای گەورە لەئایەتێکدا دەفەرموێت:((**وماكان ربك نسيّا**)) مريم/٦٤دا و لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت: {**نسوا الله فنسيهم**} التوبه/ ٦٧، ئەمە دووئایەتە لەکتابی خوا کامیان وەربگرم؟ بەئایەتی یەکەم بروا بکەم کە بەدڵنیاییەوە خوا شتی لەبیرەچێتەوە؟ یان بەئایەتی دووەم کەخوا لەبیرەکات؟؟ وتی: بەئایەتی یەکەم، بەلام لەبیرکردن لە ئایەتی دووەم بەواتای تەرك کردنە، وتم: کێ شارەزای کردیت بەم واتایە؟ ئایا ئەمە تەئویل نیە؟ کەتۆ لەئەهلی تەسلیمیت نەك تەئویل، ئایا عەقل ئەوە نیە کە رێنوێنی کردویت بەم شیوەیە بۆتێگەیشتن لەدەق؟ نمونەیەکی دیکە: خوای گەورە دەفەرموێت: {**يد الله فوق أيديهم**} الفتح/١٠

یان دەفەرموێت: {**بل يداه مبسوطتان**} المائدة/٦٤، یان دەفەرموێت: {**والسماء بنينها بأييد**} الذاريات /٤٧ ئەمە سێ ئایەتە، یەکەمیان یەك دەست بۆ خوا بریار دەدات، دووەمیان: دوودەست بۆخوا بریاردەدەن ، سێهەمیان: چەند دەستێك بۆخوا بریار دەدات، بەکامیان تەسلیم بم؟ یان تەسلیمی هەرسێکیان بم؟ کەئەمەش ناگونجیت، کەواتە پێویستە عەقڵ بێتە پێش بۆ تەئویلی دەق، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گوێی بۆ دەگرتم و لاحول ولاقوە إلابالله ی دەکرد، لەکاتێکدا من لەبەرچاوی ئەو لەرووی عەقیدەوە کەسێکی گومرا بوم، لاحول ولا قوّە إلابالله!!!

## بۆچونێك لە چارەسەر

نوێگەری گوتاری ئاینی: بریتیە لە تێگەیشتنی دەقە شەرعیەکان لە نوری مەبەستە گشتیەکانی شەریعەت، کە لەگەڵ دۆخی خەڵکیدا بگونجێت‌و ئامانجەکانیان لە ژیاندا جێبەجێ دەکرێت‌و ئامادەیان دەکات بۆ سەرکەوتن لە دوارۆژدا، دووبارە واتە: نوێگەری ڕێگاو شێوازو چوارچێوەو دەستەواژەو پڕۆگرام، کە دەست لە دەقە جێگیرو قەتعیەکان ناکات.

## نوێکردنەوەی گوتاری ئاینی پێویستە

گەشە کردنی ئەم ژیانە چەسپانەو جۆرەها گرفت‌و زیادبونی جێکەوتەکان‌و چڕبونەوەی پێشهاتەکان‌و بەرفراوانبونی گەردوونی خوداو تێپەڕاندنی گۆی زەوی لەلایەن مرۆڤەوە بۆ هەسارەگەلێکی دیکە، هەموو ئەمانە وادەکات کە نوێکردنەوەی گوتاری ئاینی پێویستیەو بوار نیە بۆ فەرامۆش کردنی‌و پێداویستی موسوڵمانانەو ناتوانێت دەستبەرداری بێت، داخوازی ئەم پێشکەوتنەیەو ناتوانرێت ئاوڕی لێ نەدرێتەوە.

فرەیی ڕێچکە ئاینیەکان‌و جیاوازی شوێنکەوتوانی لەگەڵ یەکدی یان لەگەڵ هاوڕێچکەییەکانی خۆیاندا، هەموو ئەمانە لە کاروانی فیقهی

ئیسلامیدا نیشانەیەکە لەنیشانەکانی فیقهی ئیسلامی، ئاوێتە بوونی شەرع زانەکان لەگەڵ پێشهاتەکاندا بەپێی شوێن و سەردەم، هیچ کەسێکیش سەرکۆنەی هیچ کەسێکی دیکەناکات، بەڵکو تەنها هەمووی لەچوارچێوەی جۆری ڕێزگرتنی بیروبۆچوونە لە جۆری ڕووداوو جێکەوتەکان، لەبەرئەوەی دەقە شەرعیەکان هەڵگری چەند واتایەکن، تا ئەوەندەی لە چوارچێوەی ڕێگەپێدراو دابێت، ئەوەی کە پێشەوا شافیعی کردی لێمان دوورو شاراوە نیە، جارێك لە عیراق فیقهی خۆی نوسیەوەو جارێکی دیکەش لە میصر، یەکەمیان بەڕێچکەی کۆن و دووەمیان بەڕێچکەی نوێ ناسرا.

بەدڵنیاییەوە نوێگەری پێویستە بەڵام بەواتای ستەم کردن نیە لە تەئویلی دەق یان لادانی لەمەبەستی راستەقینەی خۆی، بەڵکو بەواتای تێگەیشتنی دەقە لەژێر سێبەری کۆمەبەستە کانی شەریعەت و گرنگیدان بە مەودای دەقەکان و تێگەیشتن لە زمانی عەرەبی،رەحمەتی خودا لە شاتبی کە لەکتێبی موافقات روونیکردۆتەوە کە:"رێرەوەکان بەگوێرەی حاڵ و کاتەکان و پێشهاتەکان دەگورێت، ئەمەش لەزانستی مەعانی و بەیان روون و زانراوە، ئەوەی لەگوێگرو تێگەیشتو کە هوشداربێت بەپێی بابەتەکە ئاوڕ لەسەرەتاو کۆتایی رستەکە دەدات، ئەوەشی کە لێیدەخوازرێت بەبێ کۆتاییەکەی ناروانێتە سەرەتاکەی، یان بەپێچەوانەوە بەبێ سەرەتاکەی

ناروانێتــە کۆتاییەکــەی، ئــەم بابەتــە ئەگەرچــی گشــتگیرە بەســەر چــەند رستەیەکدا بـەڵام هەنـدێکیان پەیوەسـتن بەهەنـدێکی دیکەیانـەوە، چـونکە تەنها یەك بابەتەو بۆ یەك شت هاتوە، ئیتر بوار نیە بۆ کەسی تێگەیشتو کە کۆتایی رستەکە رەد بکاتـەوە بەسـەر سـەرەتای رستەکەداو، یان سـەرەتای رسـتەکە رەد بکاتـەوە بەسـەر کۆتاییەکەیـدا ئەگەرچـی لەویشـدا مەبەسـتی شارع لە تێگەیشتنی داوا لێکراو بێتـەدی، ئەگـەر تێـروانین بۆ بەشـەکانی پەرت بێت ئەوا ناگاتە مەبەستی خۆی"الموافقات /٣/٣١٣

دەقە شـەرعیەکان تێگەیشـتنەکان لـەخۆدەگرێت و هـەمویان دەسـتلەملانن و ناکۆك نین.

لەئیبنو عومەرەوە گێردراوەتەوە _رەزای خودایان لیٚ بێت_ وتی: پێغەمبەر _صلی الله علیە وسلم_لەرۆژی ئەحزاب دا فەرموی: ((کـەس نوێـژی عەسـر نەکات تەنها لەبەنی قورەیزە نەبێت، هەندێکیان لەرێگادا بون نوێژی عەسر هـات بەسـەرداو وتیـان: نوێژناکـەین تـا پێیاندەگـەین، هەنـدێکی دیکـەیان وتیـان: ئێمـە نوێژەکـە دەکـەین و ئـەوەمان لێـداوا نـەکراوە، ئەمـەش بـۆ پێغەمبەر گێردرایەوە، سەرزەنشتی کەسیانی نەکرد)) متفق علیە.

حافزی ئیبن حەجـەر _رەحمـەتی خـوای لـیٚ بێـت_دەفـەرموێت: سوهەیلی و جگـە لـەویش لـەم فەرمودەیـەدا دەفـەرمون: لەتێگەیشـتنە کـە لۆمـەی کـەس

ناکرێت کە رووکەشی فەرمودەیەك یان ئایەتێك وەربگرێت، هەروەك چۆن لۆمەی ئەو کەسە ناکرێت کە لە دەقەکەوە واتایەك هەڵدەهێنجێت کەتایبەتی دەکات. فتح الباری/۱/۲۰۳

ئیبنوقەیم _رەحمەتی خوای لێ بێت_ دەڵێت: هاوەڵان لەسەردەمی پێغەمبەردا ئیجتیهادیان لەزۆرێك لەحوکمەکاندا کردوەو سەر زەنشتێشی نەکردون، هەروەك چۆن لەرۆژی ئەحزابدا فەرمانی پێکردن کە لە بەنو قورەیزە نویژی عەسر بکەن، هەندێکیان ئیجتیهادیان کردو لەرێگادا نوێژی عەسریان کردو وتیان: پێغەمبەر _صلی الله علیه وسلم_ دواخستنی نوێژی عەسری لەئێمە نەویستوە، بەڵکو مەبەستی پەلەکردن بوە بۆ زوو گەیشتن، ئەم دەستەیە لەواتای فەرمودەکەیان روانی، هەندێکی دیکەیان ئیجتیهادیان کردو نوێژەکەیان دواخست بۆ بەنی قورەیزە و شەو نوێژەکەیان کرد، ئەم دەستەیە تەماشای رووکەشی فەرمودەکەیان کرد، دەستەیەکیان پێشینی رووکەش بینان بون، دەستەیەکی دیکەشیان پێشینی واتاو قیاس بون.

پوختەی ئیجتیهادی ئەو هاوەلانەی کە لەرێگادا نوێژەکەیان کرد تایبەتمەند کردنی عامەی فەرمودەکە بوو بەهۆکار، لەبەر ئەوەی فەرمودەی پێغەمبەر_صلی الله علیه وسلم_ ((**لایصلین احد إلا في بني قريظة**)) قەدەغە کردنێکە لەهەموو حاڵەتێکدا قسە لەگەڵکراوان دەگرێتەوە ئیتر ترسی

فــەوتانی کــاتی نوێــژی عەسـر هــەبووبێت یــان نــا، بــەلام کاتێــك هــاوەلان هەڵوێستیان لە سەر هۆکاری ئەم قەدەغەکردنە کردوە ئەم گشتگیریەیان پێ تایبەتمەنـد کـردوە، حاڵەتێکیشـیان لـێ دەرکـردوە ئـەویش ترسـان بـوە لەفـەوتانی کاتەکـە، وەکـو ئـەوەی قەدەغـە کردنەکـە لـەدوای تێگەیشـتنی هۆکارەکە بەم شێوەیەی لێدێت: هیچ کەسێك لەئێوە نوێژی عەسر نەکات تەنها لەبەنی قورەیزە نەبێت مەگەر ترسی فەوتانی کاتەکەی هەبێت.

ئـا لێــرەوە پێغەمبــەری خــودا دانــی نــا بــە ئیجتیهــادی هاوەڵــەکانی، وەکوئەوەی کەبەڵگەیەك لەسەر دروستێتی هەڵێنجانی واتایەك لەدەقەکەوە کەتایبــەتی بکـات، هــەروەك سـوهەیلی فــەرموی _رەحمــەتی خـودای لـێ بێت_کەسانێك لەهاوەڵان هەبون کەتەئویلیان دەکرد لەسەر ئەوەی مەبەست لێی هاندان بووە لەپەلەکردن لەغەزادا، ئەم بۆچونەش لەسەر نیشانە بونیاد نراوە، بەجۆرێك لەگەڵ فەرمودەکەی پێغەمبەر _صلی الله علیه وسلم_ئەم ئایەتەشیان ئامادەکردوە : ((**إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا**)) النســاء /١٠٣ ، تــەئویلی فەرمودەکــەیان کــردوە لەســەر پەلــەکردن، هەندێکیشـیان هـەر لەسـەر رووکـەش مانایـان کـردەوە کەئەمـەش دووبـارە نیشانەیە، هەر چینەو بە پێی تێگەیشتنی خۆی، ئیبنوقەیم لەکتێبی إعلام المــوقعین عــن رب العــالمین جــوانی فــەرموە لەکاتێکــدا کــە پێناســەی (راوبۆچـون)دەکات بەپیناسـەیەکی گشـتگیر ودەلیـت: بریتیـە لـەبینینی دل

لەدوای بیرکردنەوەو تێرامانێکی دوورو درێژ ، کە نیشانەکان تێیدا دژی یەکدی بن، واتە: هیچ رایەك بێ بەڵگە لای زانایان پەسەند نیە، رووداوەکانیش لەم بوارەدا زۆرن، بەڵکو هەندێ لە دەقەکان بەرووکەشەکەی لێی تێناگەیت ئەگەر لەدوای دەرخستنی زانستی نەبێت، وەکو خڕی گۆی زەوی، کە قورئانی پیرۆز بەئاشکرا ئاماژەی پێدەکات: ((**وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَلِكَ دَحَاهَا**)) النازعات/٣٠ وشەی{دحو} ئەم واتایە دەبەخشیت.

# گرنگترین یاساکانی نوێگەری

١_ رەچاوکردنی پسپۆری: هەروەك چۆن لە زانستەکانی ئەندازیاری و پزیشکی و جگە لەوانە ئەهلی پسپۆری نوێگەری دەکەن، هەروەها پێویستە لە گوتاری ئاینیشدا زانایانی ئاینی نوێگەری بکەن، ئەمەش راستیەکە قورئان دانی پێدا ناوە: { **فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ** } النحل /٤٣ ، مەبەستەکە ئەوەیە کە نابێت لەهیچ پسپۆریەك کەس فەتوا بدات جگە لە پسپۆران، وەگەرنا کارەکە لە ئیجتیهادەوە دەبێتە گەرەلاوژە.

٢_ دەربازبوون لەهەواو ئارەزوو: رەحمەتی خوا لە پێشەوا شافعی کە دەفەرموێت: (لەگەڵ هەر کەسێکدا کەوتبێتمە موجادەلە داوام لەخودا کردوە کە حەق و راستی لەسەر دڵ و زمانی گوزەر بکات و دەربکەوێت، بەدڵنیاییەوە حەق لەگەڵ من بێت دوام دەکەوێت، ئەگەر حەقیش لەگەڵ ئەو بێت دوای دەکەوم).

٣_ پابەندبوون بە بنچینەو جێگیرەکان و دەقە براوەکان: بیروباوەر لە جێگیرەکانە، بنچینەکانی ئیسلام لە جێگیرەکانە، پیرۆزی دەقی قورئانی لە جێگیرەکانە، پێنج روکنەکە لە جێگیرەکانە،بەڵام رای زانایان لەبابەتە ناجێگیرەکان شایەنی گفتوگۆ لەسەر کردنە.

٤_داننـان بەکـەم‌وکورتـی عـەقڵی مرۆڤایـەتی و جیـاوازی درك کردنی:عـەقڵ بەپێی چوارچێوەی سەردەم‌و شوێن و دەسکەوتە مەعریفیەکانی، تواناکەی لەسـەر ئـەم ئەندازەیـە، زۆر مەحاڵـە کـە عـەقڵ جێگـای سروشـی ئاسمـانی بگریتەوە .

٥_ ئەبێ مەبەست لێی چاکسازی بێت:چاکسازی کاری گرنگی پێغەمبەران بـوە، چـونکە نوێگـەری خۆشـیەکی هـزری نیـە، بـەڵکو گـەورەترین پـەیامی دروستکراوی خودایە.

٦_ پابەندبون بە شێوازەکانی عەرەبی و ریاکانی لەراڤەکردنی دەقەکاندا: وەگەرنا کارەکان تێکەڵ دەبن، زمانی عەرەبی دەفری شەریعەتە، هەرکەسێك فێری هەر زمانێك بێت ئەوا ئەو زانستانە وەدەست دەخات کە بەو زمانە نوسراون، زمانی عەرەبیش زمانێکی بەرفراوانی ئاسانە، پێشەوا شافعی _رەحمەتی خودای لێ بێت_لەکتێبی الرسالە دەربارەی زمان دەفەرموێت: {زمانی عەرەبی بەرفراوانترین زمانەکانە لەرووی رێچکەکانەوە، وەزورترین وشەی هەیە، جگە لەپێغەمبەران نەمانزانیوە کەسێك هەموو وشەکانی زانیبێت} .الرسالە:ص ٢٨

لێکۆڵینەوە نوێیەکان ئەم راستیەیان سەلماندوە، بەڵکو ئەو راستیەشی سەلماندوە کەزمانی عەرەبی سەرەرای بەرفراوانیەکەی کورترین و

گەینەرترین زمانە، کەلەپوری مرۆڤایەتی ئەگەر بەزمانی عەرەبی بنوسرێت بۆ ئەندازەی سێ یەك كورتە بێتەوە، هەروەك سەلمێندراوە كە زمانی عەرەبی دواهەمین زمان دەبێت كە لەناو دەچێت.

# مەبەستە پێشنیازکراوەکان

# بۆ گوتاری ئایینی لەم سەردەمەدا

بـۆ هـەموو سـەردەمێك داخـوازیو پێشـهاتی خـۆی هەیـە، شـەریعەتی ئیسلامیش بۆ هەموو سەردەمو شوێنێك گونجاوە، هەر بۆیە پێویستە كە گوتاری ئاینی لەم سەردەمەی ئێمەدا ئاراستە بكرێت بۆ:

١_ قوڵكردنـەوەی بەها رەوشتیو ئاكاریو ئابوریەكان، رەوشت بەرزترین پلەیە كەپێغەمبەری_صلى الله عليه وسلم_ی پێ پەسن كراوە: {**وإنك لعلى خلق عظيم**} القلم/٤

٢_ گرنگیدان بە بەقوڵكردنەوەی ئینتمای نیشتمانیو رێزگرتنی روناكبیری كەسانی دیكەو ئیمان بەرەویەی فرە جۆریو كەلتوری فرەیی.

٣_ بەگەورە راگرتنی حورمەتی ماڵی گشتیو ماڵی كەسانی دیكە.

٤_ گرنگیدان بە كۆی ئاینو مەبەستەكانی.

٥_رێزبەندی كارە لەپێشینەكان.

٦_گرنگیدان بە روونكردنەوەی رۆڵی عەقڵ و گرنگی زانست.

٧_گرنگیدان بە قسەكردن لەسەر داهاتوو.

٨_جەختکردنەوە لەسەر جوان مامەڵەکردن لەگەڵ ناموسوڵمانەکاندا.

٩_گوتاری ئاینی لەنێوان هوشیارکردنەوەو مژدەداندا کۆبکرێتەوە.

١٠_قوڵکردنەوەی هاوبەشی مرۆڤایەتی لەنێوان نەوەی ئادەمیزاد بەگشتی لەسۆنگەی کەلامی خوای میهرەبان: ((**يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا** ))الحجرات /١٣

١١_دوورکەوتنەوە لە گوتاری تەرەکارو، رووکردنە گوتاری مژدەدان.

١٢_گرنگیدان بە گوتاری هەنوکەیی کرداری کە ئاوێتەی ژیانی خەڵکیەو گرفتەکانیان بۆ چارەسەردەکات.

١٣_هەڵوێستی نەرمو نیانانە لەگوتاردا بەشوێنکەوتنی ئەو پەسنەی کە خوای گەورە پەسنی پێغەمبەری خۆشەویست دەکات _صلی الله علیه وسلم_: ((**وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ**)) ال عمران /١٥٩

١٤_ بڵاوکردنەوەی گوتاری هاوکاریو رێککەوتنو بەرەنگاربونەوەی گوتاری تەرەکارو جیاوازی.

١٥_ بڵاوکردنەوەی گوتاری گشتگیرو دوورکەوتنەوە لە گوتاری بەشیو ئەو درێژکردنەوەیەی کە سەر دەکێشێت بۆ شەڕو پەشێوی.

# ئامرازەکانی نویگەری

**ئامرازەکانی نوێگەری بەجیاوازی بواری گوتاری ئاینی جیاواز دەبن:**

**یەکەم: بواری گوتاردان:** بانگخوازان پێویستیان بەراهێنانە لەسەر ئامرازەکانی تەکنەلۆجیای نویو ئامرازەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیو ژیان لەگەڵ جێکەوتەکانداو هاو ئاوازبون لەگەڵیدا، بەجۆرێك هەموو گوێگرێك هەست بکات بە وەی کەمەبەست لێی گوتارە، هەر ئەوەشە هەست کردن دەبەخشێتە ژیانی قسە لەگەڵ کراوان و ئاگاداربون لەسەر گرفتەکانیان، ئەمەش وادەخوازێت کە راهێنانی بەردەوام بکرێت بە پێشەوایانو دانانی پێشبرکێی مانگانە لەنێوان پێشەوایاندا، بۆ ئامادەکردنی وتار گەلێك کە لەگەڵ رەوشی ئێستاو ژیانی قسە لەگەڵ کراوان بگونجێت، ئەمەش وا دەخوازێت کە گرنگی بدرێت بە پێشەوایان لەرووی مادیو روناکبیریەوە، نوێگەریش لەئامرازەکانی ئامادەکردنو رێگاکانی جێبەجێکردن دەبێت.

**دووەم: لەبواری فێرکردن:**

پێویستە کە پرۆگرامەکانی خوێندنی ئاینی لەپێداویستیەکانی خەڵکیەوە سەرهەڵبداتو وەلامگۆی پێداویستیەکانیان بێت، بەجۆرێك کەفێرخواز مەبەستی خۆی لەو بابەتە ئاینیانەی کە لەسەری دانراوە دەدۆزێتەوە، هەر بۆیە پێویستە فێرخواز لەو بابەتانەی کەدای دەبرێت لە دۆخی ئێستای

وازبهێنێت، هەروەك پێویستە كە بریارە ئاینییەكان بەرەو گرنگیدان بە مەبەستە شەرعیەكانو ئەو لایەنەی كە گەورەیی ئیسلامو توانای پرۆگرامی لەسەر پێكەوە ژیان و قەبوڵكردنی ئەوانی ترو قوڵكردنەوەی بەهای هاوكاریكردنو پێكگەیشتن هەنگاوبنێت، نەك لەیەكتر دابران.

سێیەم: لەبواری راگەیاندن: پێویستە گوتاری راگەیاندنی ئاینی سۆنگەیەك بێت لەو مەبەستانەی هەندێكیانمان باسكرد، وەگوتاری هاوسەنگ ومیانرەو تاكە گوتارەو دەبێت لەراگەیاندندا كەسە بەتواناكان بەرێوەی بەرنو ئەبێت ئەو گوتارە هەرەمەكیە ئاینیە بوەستێت، چونكە هەرەمەكی دەرهاوێشتەكەی ئاژاوەیە، ئاژاوەش بەخوێن رشتن كۆتایی دیت.

كورتەی وتە ئێمە پێویستیمان بەنوێكردنەوەی ئامرازەكان هەیە بەئامادەكردنو بەجێهێنان لەهەموو بوارەكانی گوتاری ئاینیدا.

**وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وأمته.**

چاپی یەکەم
2020